# شنگال جینۆساید لە سەدەی بیست و یەکەمدا



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

بە درێژایی مێژوو کارەساتی گەورە لە ژیانی گەلاندا روویداوە و روودەدات، بەڵام گەلانی زیندوو ئەوانەن کە ئەو کارەساتانەیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە وەك دۆسیەیەکی کراوە تا ئەو کاتەی دەیکەنە هۆکارێك بۆ وەرگرتنی مافەکانیان و ئازادبوون و سەربەخۆییان، بەمەش بۆ هەتا هەتایە پەرژینێکی پارێزگاری دروستدەکەن بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆر کارەساتانە.

ئێمەی گەلی کوردستان ماوەی سەدان ساڵە تووشی کارەساتی یەك لەدوای یەك دەبین و زیانی زۆری گیانی و ماددیشمان پێگەیشتووە، بەڵام زۆر کەم توانیومانە ئەو کارەساتانە بە زیندوویی رابگرین و هەموو دنیای پێ ئاشنا بکەین.

خۆشبەختانە لەگەڵ کرانەوەی جیهان بە رووی یەکدیدا لە رووی شۆڕشی گەیاندن و راگەیاندنەوە، لەم چەند ساڵانەی دواییدا توانیومانە تا رادەیەك کۆمەڵە کەیسێکی گەلەکەمان بە زیندوویی رابگرین و کاریان لەسەر بکەین و بەجیهانی بناسێنین.

کارەساتی گەورەی شنگال لەسەر دەستی داعشی تیرۆریست و کوشتن و رفاندن و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیکردن بە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی شنگالەوە، نموونەی کارێکی وەحشیگەرانە و جینۆسایدانەی سەدەی بیست و یەکەم بوو کە هەموو جیهانی تووشی شۆك کرد، کاربەدەستانی دنیاشی خستە بەردەم بڕیاردانی چارەنووسساز و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت سەبارەت بە دروشمەکانی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و تۆلێرانس و پاراستنی گەلانی هەڕەشەلێکراو. خۆشمان ئەمڕۆ وەك گەلی کوردستان بۆ زیندووڕاگرتنی کارەساتی شنگال و بەرزڕاگرتنی گیانی قوربانییانی کوردی ئێزیدی، زۆر ئەرکی گەورە و خێرا و درێژخایەنمان لەبەردەمدایە، لەوانە:

**● یەکەم: لەسەر ئاستی کوردستانیدا:**

١. بەردەوام کارکردن لەسەر پەرەپێدانی گیانی مرۆڤدۆستانەی خەڵکی کوردستان کە بێگوێدانە جیاوازیی ئایینی، هەموویان خەمخۆری شنگال و شنگالییان بوون لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا و تا ئێستاش.

٢. بەدیکیۆمێنتکردنی کارەساتی شارەکە و قڕکردنی کوردانی ئێزدی، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك



سەرچاوەیەکی زیندوو ببێتە شایەدی راستەقینەی ئەو کارەساتە.

٣. ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردان لەسەر سەرپشککردنی دانیشتووانی شنگال لە سەر مانەوە لەگەڵ عێراقدا، یان هاتنە سەر هەرێمی کوردستان.

٤. دروستکردنی رێکخراوی تایبەت بە جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی.

٥. بەردەوامبوونی کوردانی تاراوگە لە سەر فشارخستنە سەر حکومەتانی جیهان بۆ زووتر و زیاتر هاتن بەدەم کێشەو کارەساتی شنگالەوە.

٦. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی باری دەروونیی زۆرێك لە زیندووانی پاش ئەو کارەساتە چ لە نەخۆشخانەکانی ناوخۆ، یان دەرەوەدا.

٧. کردنەوەی چەند خولێکی پێکەوەژیانی ئایینی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ زانایانی ئایینە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە و باسکردنی تێگەیشتنی کوردانە لە ئایین و ئەزموونی زۆر جوانی پێکەوەژیان و تەساموحی ئایینی لە کوردستاندا.

٨. بەپەلە و بە ئیلزامیکردنی خوێندنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو ناوچانە لە قوتابخانەکاندا بۆ سڕینەوەی ئەو هەموو فکر و بیرە توندڕەوەی کە داعش لە مێشکیاندا چاندوویەتی لەو دوو ساڵەدا..

**● دووەم : لەسەر ئاستی عێراقدا:**

١. داواکردن لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق بۆ بەجینۆساید ناساندنی قڕکردنی کوردانی ئێزیدی.

٢. بەپارێزگاکردنی شنگال و جیاکردنەوەی لە مووسڵ.

٣. قەرەبووکردنەوەی کوردانی ئێزیدی لەسەر ئەو هەموو زیانە ماددی و مەعنەوییەی بەریانکەوتووە.

**● سێیەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا:**

١. کۆکردنەوەی یارمەتیی نێودەوڵەتی بۆ دووبارە بنیادنانەوەی شاری شنگال.

٢. دامەزراندنی دامەزراوەی یادەوەری بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە دوای قوربانییان و لە ئەنجامی قڕکردنی ئێزیدییاندا ماونەتەوە.

٣. هەوڵدان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو کارەساتە لە نێو دامەزراوە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکاندا.

٤. یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان لە سەر هەوڵدان بۆ بڕیاردان لە سەر سەربەخۆیی باشووری کوردستان، چونکە هەموو نەهامەتییەکانی سەدان ساڵی رابردوو لە ئەنجامی پێکەوەلکاندنی کوردستان بووە بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە.



# ئایندەی ئازادی و دیموکراتی لە ژێر مەترسیی پۆپۆلیستدایە

## پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم فیتنەیەدا دەکات؟

«پۆپۆلیست سیمایەکی شێوە کەوشی هەیە. بەڵام بۆ هیچ پێیەک بە تەواوەتی نابێت.»

سێر ئەشعیا بەرلین (فەیلەسوفی دیاری سەدەی بیستەم)



### ● فیتنە و ئاژاوەی پۆپۆلیزم بۆتە دیاردەی سەردەم

پرۆفیسۆر کارلۆس دی لاتۆر ئوستادی سیسیۆلۆژی و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەمریکای لاتینی لە زانکۆی کینتاکی لە ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی بە ناونیشانی (فیتنەی پۆپۆلیست لە ئەمریکای لاتین — Populist Seduction in Latin America) بڵاوکردەوە و لەم کتێبەدا مەترسیی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی وەك فیتنە و ئاژاوە لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی شیکردۆتەوە، ئاشکراشە لەگەڵ ئەوەی دیاردەی پۆپۆلیزم دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵام بەپیتترین خاك بۆ گەشەکردنی ئەم دیاردەیە وڵاتانی ئەمریکای لاتینییە و ئێستاش دیاردەی پۆپۆلیزم بۆتە ئەو دیاردەیەی وەك شلۆمۆ بنعامی جێگری سەرۆکی سەنتەری تیلۆدۆی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی لە وتارێکیدا کە رۆژی ١٠ی ئابی رابردوو لە ماڵپەڕی سەندیکەیت پرۆجێکت بڵاوی کردۆتەوە، ئێستا هیچ دیموکراتییەکی رۆژئاوا لەبەردەم دیاردەی پۆپۆلیستی پارێزراو نییە و پۆپۆلیزم بە تەواوەتی تێکەڵی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا بووە و توانیویانە سەرکەوتنی زۆر گەورە و بەرچاویش بەدەست بهێنن، هەروەك چۆن لایەنگرانی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا (Brexiteers) لە پرۆسەی ریفراندۆمەکە سەرکەوتن، بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنیا رەنگدانەوەی لەسەر بەریتانیا نەبووە، بەڵکو بڕیاری جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بۆتە هاندەرێك بۆ حزبە راستڕەوەکانی دیکەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بە حزبەکانی ئەڵمانیا و فەرەنساشەوە کە بە هەمان شێوە دژی یەکێتی ئەوروپا و دژی هاتنی کۆچبەران بازاڕگەرمی بۆ خۆیان دروست بکەن، ئێستاش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا کە دۆناڵد ترامب کاندیدی پارتی کۆمارییەکانە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا دروشمەکانی بریتین لە دژایەتیکردنی گلۆبالیزم، دوورکەوتنەوە لە ناتۆ، هەروەها رایگەیاندووە دەبێت هاوپەیمانەکان پارە بدەن بە ئەمریکا لەبەرامبەر ئەوەی پارێزگارییان لێدەکات، لەمەش زیاتر بڕیاریداوە هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیا بکات و ددان بنێت بە لکاندنی کریما بە رووسیاوە. هەروەها دروشمی دیکەی بریتییە لە رێگرتن لە چوونی موسڵمانان بۆ ئەمریکا و دروستکردنی دیوار لەنێوان مەکسیك و ئەمریکا بۆ ئەوەی هیچ مەکسیکییەك دزە نەکاتە ناو ئەمریکا، سەبارەت بە لایەنی ئابوورییش دروشمەکانی ترامب بریتین لە دوورکەوتنە لە سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانیی جیهانی.

### ● بەرفراوانبوونی دیاردەی پۆپۆلیزم لەناو تێکڕای سیستمە دیموکراتییەکانی رۆژئاوا

پرۆفیسۆری هۆڵەندی کاس مودی لە توێژینەوەیەکیدا کە ناوی لێناوە: (پۆپۆلیست بۆتە بیرکردنەوەی سەردەم . The Populist Zeitgeist)، دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بیرمەندان رەخنە لەم دیاردەیە دەگرن، بەڵام وا دەردەکەوێت پۆپۆلیزم هەر بەهێزتر دەبێت.» بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئێستا ئێمە وەك بیرکردنەوەی سەردەم رووبەڕووی پۆپۆلیزم بووینەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە دیاردەی پۆپۆلیزم بۆتە ئەو پەتایەی کە تەواوی پارتە حوکمڕانەکان و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی گرتۆتەوە و، کاتێك گوێ لە گوتارەکانیان دەگرین، راشکاوانە هەست دەکەین شێوەیەك لە گوتاری پۆپۆلیستی لە گوتارەکانیاندا رەنگدانەوەی هەیە و دووبارەی دەکەنەوە.

کەواتە ئەم حاڵەتە کە بۆتە دیاردەیەك لە سیاسەتی ئەمڕۆی سیستمە دیموکراتییەکاندا، وایکردووە کە پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە ئاسان نەبێت، لەگەڵ ئەوەی بە دەیان و سەدان کتێب و وتار و سەروتاری رۆژنامە و گۆڤارەکانی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام هەتا ئێستاش نەتوانراوە لەناو سیستمە دیموکراتییەکاندا وەك خۆی لەم دیاردەیە تێبگەن کە پرۆفیسۆر کارلۆس دیلاتۆر بە (فیتنەی ناو سیستمە دیموکراتییەکان) ناوی بردووە. دیارە لەسەر ئەم چەمکەش لەنێوان توێژەرانی زانستی سیاسیدا کێشمەکێش و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە و ئەو پرسیارە دەورووژێندرێت: ئایا پۆپۆلیزم هەڕەشە، یان تەحەددایە بۆ دیموکراتییەکانی رۆژئاوا؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر کاس مودی هۆڵەندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت دیاردەی بەربڵاوی پۆپۆلیزم وەك هەڕەشە و تەحەددا بۆ سیستمی دیموکراتی سەیربکرێت و پێویستە هەموو دەوڵەتانی رۆژئاوا رووبەڕووی ببنەوە و رێگەیەك بدۆزنەوە بۆ وەڵامدانەوەی پۆپۆلیزم و رێگرتن لە گەشەکردنی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دیاردەیە بە جۆرێك هەڕەشەی جددی لەسەر سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دروست کردووە، کە ئەگەر بێتو پێشی پێ نەگیرێت و رێگەیەك نەدۆزرێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی، ئەوا لەوانەیە کۆتایی بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە جیهاندا بهێنێت.

### ● سیماکانی پۆپۆلیزم پێناسەی دیاردەکەی مەحاڵ کردووە

پۆپۆلیزم یەك شێواز و یەك رێکخراو و یەك ئایدیۆلۆژیای دیاریکراو نییە، بەڵکو دیاردەیەکە کە رەنگی ئەو ژینگەیە دەگرێت کە تیایدا دروست

**پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لەسەر دەستی مستەفا بارزانی، جیاواز بووە لە هەموو حزبەکانی دیکەی نەک هەر کوردستان، بەڵکو تەواوی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی، ئەگەر لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، حزب دەربڕی خواست و ئیرادەی ئایدیۆلۆژیەتێک، یان تەیارێکی ئایینیی دیاریکراو، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو بووبێت، ئاوا پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە چادرێک بووە بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان**

**بارودۆخی سەخت و ئاڵۆز لە باشووری کوردستان بێت، یان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆک مسعود بارزانی وەک کێشەی یەک نەتەوە و یەک وڵات سەیری کردووە و لە هەر شوێنێکی کوردستان کێشە هەبووبێت هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی لەو شوێنە دیار بووە**

دەبێت، هەر بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەبێت پۆپۆلیزم چی بێت کەوا هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەستەپاچەن لە ئاستیدا؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا توێژەرانی سیاسی لەسەر چەمکی پۆپۆلیزم دەڵێن: ئاڵۆزی و دووڕوویی پۆپۆلیزم وایکردووە کە مەحاڵ بێت تەنیا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو بارودۆخە بکەین کە پۆپۆلیزم تیایدا سەرهەڵدەدات. تەنیا میراتی چەمکی پۆپۆلیزم ئەوەیە شێوازێکی دیاریکراوی ڕێکخستنی سیاسی، یان شێوازێکی دیاری کاری ڕێکخراوەیی نییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە سێر ئەشعیا بەرلین فەیلەسوفی دیاری سەدەی بیستەم سەبارەت بە پۆپۆلیزم گوتوویەتی: پۆپۆلیزم سیمایەکی شێوە کەوشی هەیە، بەڵام هیچ پێیەك بە تەواوەتی بۆی نابێت. There is the Shoe in shape of Populism، but no foot that will fit. Put into)، لەسەر ئەم بنەمایە پسپۆڕان بە چەندین شێوە سیماکانی پۆپۆلیزمیان دەستنیشان کردووە:

● پۆپۆلیزم بریتی نییە لە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم دیارە لەناو ڕادیکاڵی ڕاسترەو و چەپڕەوی حزبەکانی ڕۆژئاوا بوونیان هەیە، لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیشدا، بیجگە لە بوونی پۆپۆلیستی ڕادیکاڵیی ڕاست و چەپ، لە هەمانکاتدا پۆپۆلیستی تەیاری ئیسلامیی میانڕۆ و ڕادیکاڵیش هەیە.

● لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا. ئێستا جۆرێك لە لاساییکردنەوەی بیرکردنەوەی پۆپۆلیستی بە ئاشکرا لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك داعش و قاعیدە بوونی هەیە و ئەوانیش بە هەمان شێوەی سەرکردە پۆپۆلیستەکان پەنا بۆ گوتاری توند و ئیستیفزازی و خۆپیشاندانی تێکدەرانە دەبەن و ژینگەی سەقامگیری وڵات تێکدەدەن، لەمەش زیاتر بە سوودوەرگرتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و سوودوەگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین کارە دڕندەکانی خۆیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆ پەخش دەکەن، کە ئێستا دیاردەی (گورگە تەنیاکانی تیرۆریستی —Lone Wolfe-Terrorist) دروست کردووە، وەك ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی بەم دواییە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئەمریکا ئەنجامیاندا.

● خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگە دابەش دەکەن بۆ دوو بەش (دەستەبژێر و خەڵك)، ئەمەش واتە دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ دۆست و دوژمن، واتە خەڵك دۆستە و دەستەبژێری فەرمانڕاوە دوژمن.

● پێشتر بزووتنەوە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستییەکان کاتێك بەرگرییان لە پڕۆلیتاریا و دژایەتی چەوساندنەوەی کرێکاریان دەکرد، هەوڵیاندەدا کرێکارەکان فێری خوێندەواری بکەن، بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوە و دژی چەوسانەوە خەبات بکەن، بەڵام لای پۆپۆلیست خەڵك و کۆمەڵگە، زۆنێکی خەیاڵییە، ئەوان نایانەوێت خەڵك هۆشیار بکەنەوە بۆ ئەوەی گەندەڵی و باری قورسی ژیان کۆتایی بێت، بەڵکو ئەوان خەڵك بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی نمایشی گەندەڵی و خراپی باری گوزەرانی پێبکەن، لەمەش زیاتر هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەکان ناخەنەڕوو، تەنیا ئەوە نەبێت کێشە و خراپی گوزەرانی خەڵك و گەندەڵی دەکەن بە سووتەمەنیی پڕوپاگەندەکانی خۆیان.

● پۆپۆلیزم دۆست و دوژمنی دیاریکراوی نییە، ئەو بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدا دروست دەبێت، دۆست و دوژمنی خۆی دیاری دەکات. بۆ نموونە لە سیستمی دیموکراتیدا کە حزبی سیاسی فاکتەری سەرەکیی سیستمەکەیە، پۆپۆلیست هەوڵدەدات حزبی سیاسی لای جەماوەر بێ متمانە و ناشیرینی بکات، هەروەها هەر هێندە بڕوای بە فرەحزبی لە سیستمی دیموکراتیدا هەیە کە حزبە سیاسییەکان وەك پۆپۆلیستەکان بیربکەنەوە، کە حزبە سیاسییەکان دژی پۆپۆلیستەکە ڕاوەستانەوە، یان لە بەرەیەکدا لەگەڵی نەبوون، بە تەواوەتی فرەحزبی ڕەتدەکاتەوە و داوای حکومەتی تەکنۆکرات دەکات، هەروەك حزبی سۆسیالیستی کەنەدی کە دوای ئەوەی دەکرد حکومەتی کەنەدا بگۆڕێت بۆ حکومەتێکی تەکنۆکرات و حزبە سیاسییەکان لە حکومەت بکشێنەوە، دیارە لە کوردستانیش بزووتنەوەی گۆڕان هەمان داواکاری هەبوو کە حکومەتی کوردستان بکرێتە حکومەتێکی تەکنۆکرات و حزبە سیاسییەکان لە حکومەت بکشێنەوە.

● پۆپۆلیست بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی خۆی بگات، ئامادەیە ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێت، سبەی بە درۆی بخاتەوە، یان ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاستی دەزانێت، سبەی پێچەوانەکەی بە ڕاست بزانێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەندێك دەڵێن پۆپۆلیست سیاسییەکی ڕارایە، بەڵام دەرکەوتووە کە پۆپۆلیست سیاسەتێکی ڕارا و ناسەقامگیر پیادە دەکات، یان زۆر لە توێژەران دەڵێن پۆپۆلیست دەرهاویشتەی کێشەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام دەرکەوتووە پۆپۆلیست خۆی دروستکەری کێشەکانی کۆمەڵگەیە.

**ئەم چاوەڕوانییەی خەڵک لە پارتی لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە پارتی پشکی گەورەی کێشەکانی بەردەکەوێت، بەڵکو ئەوە شێوازی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتییە لەلایەن سەرۆک مسعود بارزانی-یەوە کە هەمیشە لە کێشە و بارودۆخە سەختەکاندا شانی داوەتە بەر تەواوی کێشەکان و میللەتی لە نائومێدی ڕزگار کردووە**

**ئەمڕۆ کە یادی ٧٠ ساڵەی پارتی دەکەینەوە، بێگومان ئاواتی هەموو لایەک ئەوەیە جارێکی دیکە پارتی هەر چادرە گەورەکە بێت بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی بگەیەنیتە ئامانج، کە ئامانجی هەر تاکێکی کوردستانە**




ئەگەر تا ئێستا تەنیا جەختمان لەسەر پۆپۆلیستی ژینگەی سیاسی کردبێت، ئەوا پۆپۆلیستی حکوومی و پەرلەمانی و گوتاری پۆپۆلیستی میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمتر لەو مەترسیدارتر نین، بۆیە کاتێک پارتی بیەوێت ڕووبەڕووی دیاردەی پۆپۆلیستی ببێتەوە، دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان وەک یەک پلانی هەبێت و خەڵکی کوردستان لەم مەترسییە هۆشیار بکاتەوە

گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان، گوتارێکی نابەرپرسانەی سادەیە و ئەزموونی حزبایەتیشی لە ناو ژینگەی فرەیی و دیموکراتیدا تازەیە، یان ئەگەر پاشخانێکیشی هەبێت، ئەو پاشخانە لەماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵی رابردوو زیاتر دژایەتی و یەکتری سڕینەوەی کردووە بە مۆدێلی سیاسی نەک فرەیی و پێکەوە کارکردن

**● مەترسییەکانی پۆپۆلیزم لەسەر دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو و وەرچەرخانی کۆمەڵگە بەرەو دیموکراتی**

پێناسەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو لە زانستی سیاسەتدا ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە تازە لە شەڕ و کێشە رزگاریان بووە و بواری ئەوەیان نەبووە ژێرخانی وڵاتی خۆیان بونیاد بنێن، هەروەها بەشێکی ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە لە دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ئەسۆیتاریانیزمەکان رزگاریان دەبێت و بەرەو کرانەوە و دیموکراتی و دروستکردنی ژێرخانی ئابووری بازاڕ هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەش ناگرێتەوە کە دیکتاتۆری و خۆسەپێنن، هەر بۆ نموونە دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەگەڵ ئەوەی لەژێر دەستی حوکمڕانی دیکتاتۆری و تاکحزبیش بوون، بەڵام خاوەنی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری بوون، بۆیە لە چەند ساڵێکدا بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. بۆیە هەڵوەستەکردن لەسەر چەمکی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو پێویستە لەبەر ئەوەی بزانرێت دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو تەنیا ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە ژێرخانی دەوڵەتیان بوونی نییە، یان شەڕ و کاولکاری ژێرخانی دەوڵەتی کاول کردووە، لەناو چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە خوار دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووەوە، لەبەر ئەوەی خۆی بەشێك بووە لە دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتووی ناو شەڕ و دوای شەڕ و لەناو ئەم دەوڵەتەشدا جیا لەوەی شەڕ وڵاتەکەی کاول کردووە، لەهەمانکاتدا بەشێکی پشتگوێخراوی دەوڵەتەکەش بووە، نەك هەر ژیرخانی وڵاتەکەی کاول کراوە، بەڵکو بەشی هەرە زۆری ژێرخانەکانی دەوڵەت لە کوردستاندا بوونی نەبووە. هەر بۆیە ئەگەر سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیزم بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا بە ئەورووپا و ئەمریکاشەوە ئەو مەترسییە ترسناکە بێت، ئایا دەبێت بۆ وڵاتێکی وەك کوردستان چ کارەسات و فیتنەیەك دروست بکات؟




**دیاردەی بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییانە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژینگەی (سیاسی، حوکمڕانی، پەرلەمانی، میدیایی و. هتد)، هیندەی زیان بە خەڵکی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەیەنێت، زیانی بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکە نییە**

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ هاوکێشەیەکی سادەی ماتماتیکی، ئەمەش بەو مانایەی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە دەچنە قۆناخی راگواستن، ئەمەش نەك تەنیا بەمانای راگواستن لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی، بەڵکو راگواستن لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمەوە بۆ دەوڵەتانی هاوشێوەی جیهانی یەکەم (رۆژئاوا)، بارودۆخەکە بەو شێوەیە کە بەردەوام پارەی پێویست بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانەکانی دەوڵەت، پەرەپێدانی توانای مرۆیی و سیستمی دامەزراوەیی، لەو داهاتە کەمترە کە دێتە بەردەستی حکومەت، ئەمە ئەگەر ئەو داهاتەی دێتە بەردەستی حکومەت، داهاتێکی سەقامگیری بەردەوام بێت، نەك داهاتێکی پچڕپچڕ و ناسەقامگیر، وەك ئەو بارە ئابوورییەی ئێستا لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەیبینین.

لە ژینگەیەکی سیاسیی لەمجۆرەدا کە داهاتی دارایی و سەرچاوەی مرۆیی بۆ هەڵسووڕاندنی کارەکان و بونیادنانەوەی ژێرخان زۆر سنووردارە، ئەوا ئەم ژینگەیە دەبێتە ژینگەیەکی بە پیت بۆ سەرهەڵدانی شێوازە جیاوازەکانی پۆپۆلیست، لێرەدا بەرپرسە گەندەڵەکانیش وەك جۆرێك لە پۆپۆلیست هەژمار دەکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چۆن بەرپرسی گەندەڵ بۆ کۆکردنەوەی پارە و خۆ دەوڵەمەندکردن هەموو پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ویژدانی لە ژێرپێ دەنێت، سەرەنجامیش وەك فیتنە و کارەسات لەناو کۆمەڵگە ئاکامەکەی دەبینین، بەهەمان شێوە ئەو پۆپۆلیستانەشی لەناو پرۆسەی سیاسی سەرهەڵدەدەن، بۆ ئامانجی خۆیان هەموو گەندەڵییەکی سیاسی پیادەدەکەن و هەموو ئەو ستوونانەی کە دەبنە بونیادی سیستمە دیموکراتییەکە لەلایەن پۆپۆلیستەکانەوە دەستیان بۆ دەبرێت و ژینگەیەکی گەندەڵی سیاسیی ئەوتۆ دروست دەکەن کە ئەویش ئاکامەکەی هەر ئەو فیتنە و کارەساتەیە کە بێ متمانەیی لە کۆمەڵگە دروست دەکات.

**لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردووی کوردستاندا ئەنجامدراون، زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگی بەم پارتە داوە، ئەم متمانەدانەی زۆرینەی خەڵک بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر لە سەرێکەوە جۆرێک شانازیکردن بە خەبات و رابردووی پارتی ببەخشێت، ئەوا لە سەرێکی دیکەوە هێندەی ئەو شانازیکردنە و زیاتر ئەرکی سەرشانی پارتی قورستر دەکات**

لێرەدا گرنگە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی بریتی نییە لەدانانی سندوقێك بۆ دەنگدان و چەپڵەڕێزان و تەپڵ لێدانی ناو پەرلەمان، یان بەکارهێنانی شاشەی تەلەفزیۆنەکان لەلایەن دەستەبژێرێکی پۆپۆلیستەوە بۆ بە سیاسیکردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، گەورەترین مەترسی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە قۆناخی ڕاگواستندا ئەوەیە لە ڕێگەی میدیا بەگشتی و شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بە سیاسی بکرێت و توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی سووك بکرێن، بە پێچەوانەوە ئەگەر دیموکراتییەت بچووك بکرێتەوە بۆ سندوقێکی دەنگدان و تەپڵ لێدانی ناو پەرلەمان و هەوڵدان بۆ بەسیاسیکردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، ئەوا وەك فەرید زەکەریا دەڵێت ئەو ژینگەیە لیبراڵ دیموکراتی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو دیموکراتی نەخۆش بەرهەم دەهێنێت، دیارە مەبەستیش لە مەترسیی دیموکراتی نەخۆش ئەوەیە کە سندوقی دەنگدان نابێتە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی فیتنە و کارەسات و لێکترازانی یەکریزی و دابەشبوون و جەمسەرگیری لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش وەك فەرید زەکەریا کە زۆر بە باشی دەستنیشانی کردووە، ئایندەی ئازادی و دیموکراتی دەخاتە ئەم مەترسییەوە.

ئەگەر لەم خاڵەوە ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان وەك نموونەیەك بخەینەڕوو و بوێرانە کاری لەسەر بکەین، ئەوا ئەو ژینگە سیاسییەی کە پرۆسەی سیاسی تێدا بەڕێوە دەچێت و ئەو شێوازە پۆپۆلیستییانەی کە حزبەکان پیادەی دەکەن، ئەو چاوچنۆکییەی کە بەشێکی بەرپرسەکان هاندەدات بۆ گەندەڵی، هەرگیزا و هەرگیز نابێتە میکانیزمێك بۆ وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی و ئازادی، بەڵکو دەبێتە میکانیزمێك بۆ کۆتاییهاتنی دیموکراتی و هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئایندەی ئازادی لە کوردستاندا.

**بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکانەی حزب بۆ ئەو پۆستانە دەستنیشانی دەکات، هەمان شێوازی بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییان هەیە، بۆیە دەبینین لە بری ئەوەی ئەو بەرپرسە ئەوجا (وەزیرە، بریکارە، بەڕێوەبەری گشتییە، یان بەڕێوەبەر، یان سەرۆکی بەشە)، هێندەی کار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و حزبەکەی دەکات، کار بۆ بەرژەوەندی گشتی ناکات**

کێشەی سەرەکیی ژینگەی سیاسیی کوردستان ئەوەیە کە بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستانە بۆتە دیاردەی باوی سیاسەتکردن و حوکمڕانی لە کوردستاندا، ئەم بیرکردنەوە و رەفتارانە چ لە بواری سیاسەتکردن بێت، وەك پێوەندی نێوان حزبە سیاسییەکان، هیندەی کێشە دروست دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگە دابەش بکەن، هێندە هەوڵنادەن چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و کەلێنەکانی نێوان خەڵك و حزبە سیاسییەکان پڕبکەنەوە، لەمەش زیاتر بە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم ژینگە سیاسییە نالەبارەیان گواستۆتەوە ناو هەموو ماڵێك و تەواوی ژیانی خەڵك بە سیاسی کراوە، ئاکامەکەشی ئەوەیە کە بێمتمانەییەکی گەورە لە نێوان سیاسییەکان و خەڵك دروست بووە و بێئومێدییەکی هیوابڕ باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە، لەبواری حوکمڕانیشدا لەسەر هەردوو ئاستی پەرلەمان و حکومەت، دیسان ئەم بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییانە بۆتە دیاردە، لەسەر ئاستی پەرلەمان، کاری سەرەکیی پەلەمانتار لە بری ئەوەی چاودێری بێت لەسەر هەموو کارەکانی حکومەت و هەوڵدان بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك، دەبینین بۆتە سیخوڕیکردن بە سەر حزبە رکابەرەکەی بەرامبەریەوە، سیخوڕیکردن بەو مانایە بەکاردەهێنین، کە بەشی زۆری پەرلەمانتارانی کوردستان هەوڵ نادەن بە بەڵگە گەندەڵی ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵك چاك بکەن، بەڵکو هەیە زۆر بە وردی بە دوای بەڵگەیەکدا دەگەڕێت تەنیا بۆ ئەوەی پەرلەمانتارێك، یان بەرپرسێکی حزبە رکابەرەکەی بەرامبەری پێ ناشیرین و ریسوا بکات، ئەمەش وایکردووە کاری سەرەکی پەرلەمانتار ببێتە ئەوەی چۆن و بە چ ڕێگەیەك بەڵگەیەکی دەست بکەوێت کە پەرلەمانتارێکی هاوپیشەی، یان بەرپرسی لایەنێکی دیکەی پێ ریسوا و ناشیرین بکات، ئەم بیرکردنەوە و رەفتارە تەنانەت لە کۆبوونەوە ئاساییەکانی پەرلەمان و ناو لیژنەکانی ناو پەرلەمانیش بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار لەو کۆبوونەوانە بۆ ئەوە بەشداری ناکات تا بەشێك بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو بەشداری دەکات بۆ ئەوەی موزایەدەی سیاسی بکات و پاشان لە شاشەی تەلەفزیۆن و هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکاتەوە، بۆیە ئەم ژینگە ناتەندروستەی بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییانەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پەرلەمان لەبری ئەوەی ببێتە چەترێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دروستکردنی یەکریزی و یەکهەڵوێستی لەناو خەڵکی کوردستاندا، ئەوا خۆی بۆتە بەشێك لەسەرچاوەی کێشەکان و لێکترازانی نێوماڵی کورد، دیارە لەناو حکومەتیش بەهەمان شێوەیە و ئاشکرایە پۆستی وەزیر تا دەگاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك هەمووی پشکپشکێنەی حزبییە، دەبینین بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکانەی حزب بۆ ئەو پۆستانە دەستنیشانی دەکات، هەمان شێوازی بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییان هەیە، بۆیە دەبینین لە بری ئەوەی ئەو بەرپرسە ئەوجا (وەزیرە، بریکارە، بەڕێوەبەری گشتییە، یان بەڕێوەبەر، یان سەرۆکی بەشە)، هێندەی کار بۆ

**گەورەترین مەترسی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە قۆناخی ڕاگواستندا ئەوەیە لە ڕێگەی میدیا بەگشتی و شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بە سیاسی بکرێت و توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی سووک بکرێن**

بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و حزبەکەی دەکات، کار بۆ بەرژەوەندی گشتی ناکات، ئەوجا لەبەر ئەوەشی لە ژینگەی سیاسیدا حزبەکان بە رەفتار و بیرکردنەوەی پۆپۆلیستییانە وایانکردووە بەرژەوەندی حزب و خەڵك لە بازنەیەکدا پێکەوە کۆنەبنەوە، ئەوا لە حوکمڕانیشدا بەرژەوەندی تایبەتی بەرپرسەکە و حزبەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵك کۆنابنەوە، ئەمە وادەکات لەبری ئەوەی کاری رۆژانەی حکومەت هێندەی دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنی کێشە بۆ خەڵك، هێندە نابێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك و هەر هەنگاوێکیش بە حیساب بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك هەڵدەگرێت، لەبری ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، کێشەیەکی دیکە بۆ هاووڵاتی دروست دەکات. ئەم حاڵەتە وەك پرۆفیسۆر کاس مودی هۆڵەندی ئاماژەی پێکردووە، کاتێك پۆپۆلیزم دەبێتە دیاردە، ئەوا هەموو شتێك وێنەیەکی خەیاڵاوی پۆپۆلیستەکە وەردەگرێت، بۆیە کاتێك پۆپۆلیست باسی کۆمەڵگە دەکات، باسی ئەو کۆمەڵگەیە ناکات کە خۆی تیایدا دەژی، بەڵکو باسی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵاوی دەکات، کاتێك باسی حزب دەکات، باسی حزبەکەی خۆی ناکات، باسی حزبێکی خەیاڵی دەکات، کاتێك باسی پەرلەمان و حکومەت دەکات، مەبەستی ئەو پەرلەمان و حکومەتە نییە کە کێشەی خەڵك چارەسەر دەکات و یەکڕیزیی کۆمەڵگە دەپارێزێت، بەڵکو باسی ئەو حکومەت و پەرلەمانە خەیاڵییە دەکات کە خۆی بۆ خۆی وێنای دەکات و دەبێتە مینبەری گوتارە پۆپۆلیستییەکەی. بۆیە کاتێك هەموو شتێك لە فیکر و رەفتاری پۆپۆلیستیدا دەگۆڕێت بۆ خەیاڵ، ئەوا گومانی تێدا نییە دیموکراتی و ئازادیش بێجگە لە خەیاڵێك شتێکی دیکە نابێت.

**● پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن دەبێتە فاکتەرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم فیتنەیە؟**

ئەم نووسینە هاوکاتە لەگەڵ ٧٠هەمینساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پارتی سەرەکی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانە و لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردووی کوردستاندا ئەنجامدراون، زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگی بەم پارتە داوە، ئەم متمانەدانەی زۆرینەی خەڵك بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر لە سەرێکەوە جۆرێك شانازیکردن بە خەبات و رابردووی پارتی ببەخشێت، ئەوا لە سەرێکی دیکەوە هێندەی ئەو شانازیکردنە و زیاتر ئەرکی سەرشانی پارتی قورستر دەکات و پارتی دەبێت لەو ئاستە بێت کە شانبداتە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییە، بۆیە ئەگەر ئەم بارودۆخە شیواوەی ناو پرۆسەی سیاسی و ئەو ژینگە ئاڵۆزەی ژیانی پەرلەمانی و حکومەت ئۆباڵەکەی بەسەر هەموو حزبەکاندا دابەش بکرێت، ئەوا دیارە بەشی پارتی لە حزبەکانی دیکە زیاتر دەبێت، هەتا ئەگەر ئەو پشکە زیادەی پارتی بەری دەکەوێت، ئاکامی کاردانەوەی پارتی بێت بەرامبەر بە هەندێك لایەنی سیاسی، لەهەمانکاتدا ئەگەر هیوایەکیش هەبێت بۆ ئەوەی هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە رێکبخرێتەوە، ئەوا بەشی زۆری خەڵکی کوردستان چ ئەوانەی دەنگیان بە پارتی داوە و چ ئەوانەشی دەنگیان بە پارتی نەداوە، چاویان لە نییەت و هەنگاوەکانی پارتییە بۆ ئەوەی هەنگاوی جددی بۆ ئەم بارودۆخە هەڵبگرێت، ئەم چاوەڕوانییەی خەڵك لە پارتی لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە پارتی پشکی گەورەی کێشەکانی بەردەکەوێت، بەڵکو ئەوە شێوازی هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتییە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی-یەوە کە هەمیشە لە کێشە و بارودۆخە سەختەکاندا شانی داوەتە بەر تەواوی کێشەکان و میللەتی لە نائومێدی رزگار کردووە، ئەوجا ئەو بارودۆخە سەخت و ئاڵۆزە لە باشووری کوردستان بێت، یان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی وەك کێشەی یەك نەتەوە و یەك وڵات سەیری کردووە و لە هەر شوێنێکی کوردستان کێشە هەبووبێت هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی لەو شوێنە دیار بووە. ئەم هەڵوێستانەی سەرۆك بارزانی لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای راپەڕین لەسەر ئاستی باشوری کوردستان و پارچەکانی دیکەش بەڵگە و سەلمێنەری ئەو راستییەن کە کاتێك پرسەکە پەیوەست بوو بە ئایندەی دیموکراتی و ئازادی لە کوردستاندا، ئەوا سەرۆك بارزانی بە تەواوەتی شاندەداتە بەر هەموو کێشەکە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك پارتەکەی مستەفا بارزانی هەموو کات ئامرازێکی جێبەجێکاری بەردەستی سەرۆك بارزانی بووە بۆ پاراستینی ئازادی و بەرژەوەندی گشتی لە کوردستاندا.

لەم بۆنەیەدا کە یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی ئەم پارتە دەکەینەوە، زۆر گرنگە ئەو راستییەمان لا ئاشکرا بێت، کە دیاردەی بیرکردنەوە و رەفتاری پۆپۆلیستییانە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژینگەی (سیاسی، حوکمڕانی، پەرلەمانی، میدیایی و. تاد)، هیندەی زیان بە خەڵکی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەیەنێت، زیانی بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکە نییە، ئەگەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم واقیعە، سەیری ژینگەی سیاسی ئێستای کوردستان بکەین، دەبینین هەموو هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و

ئەو ژینگە سیاسییەی کە پرۆسەی سیاسی تێدا بەڕێوە دەچێت و ئەو شێوازە پۆپۆلیستییانەی کە حزبەکان پیادەی دەکەن، ئەو چاوچنۆکییەی کە بەشێکی بەرپرسەکان هاندەدات بۆ گەندەڵی، هەرگیزا و هەرگیز نابێتە میکانیزمێک بۆ وەرچەرخان بەرەو دیموکراتی و ئازادی، بەڵکو دەبێتە میکانیزمێک بۆ کۆتاییهاتنی دیموکراتی و هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئایندەی ئازادی

پۆپۆلیست بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی خۆی بگات، ئامادەیە ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێت، سبەی بە درۆی بخاتەوە، یان ئەوەی ئەمڕۆ بە راستی دەزانێت، سبەی پێچەوانەکەی بە راست بزانێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەندێک دەڵێن پۆپۆلیست سیاسییەکی ڕارایە، بەڵام دەرکەوتووە کە پۆپۆلیست سیاسەتێکی ڕارا و ناسەقامگیر پیادە دەکات

ڕێکخەرەکەی بۆ ئەوەیە کۆمەڵگە بکاتە دوو بەش، لایەک بە تەنیا وەك پارتی پیشان بدات و لایەکەی دیکە ئەو حزبە سیاسییانەی کاریگەری بیرکردنەوە و ڕەفتاری گۆڕان و ڕێکخەرەکەی لەسەریانە، ئەوجا لەبەر ئەوەی گوتاری بزووتنەوەی گۆڕان، گوتارێکی نابەرپرسانەی سادەیە و ئەزموونی حزبایەتیشی لە ناو ژینگەی فرەیی و دیموکراتیدا تازەیە، یان ئەگەر پاشخانێکیشی هەبێت، ئەو پاشخانە لەماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵی رابردوو زیاتر دژایەتی و یەکتری سڕینەوەی کردووە بە مۆدێلی سیاسی نەك فرەیی و پێکەوە کارکردن، لە هەمانکاتیشدا ئامانجی هەموو حزبە سیاسییەکان بۆتە کۆکردنەوەی دەنگ بە هەر ڕێگا و شێوەیەك بێت، ئەوا خەریکە زەمینەی ئەوە دروست دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو حزبە هاوپەیمانەکانی و تەواو ئەو نەتەوە و ئایینە کەم ژمارانەی خۆیان لە بازنەی چارەنووسی پارتیدا دەبیننەوە، لەناو یەك حزبدا بەرجەستە بکرێت کە ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆیە ئەگەر سەرنج لە گوتاری پۆپۆلیستییانەی بزووتنەوەی گۆڕان بدەین، دەبینین هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە بڵێت: (حزبە سەرەکییەکانی کوردستان) کە مەبەستی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتووە، جارێ پێش هەموو شت بەتایبەتی لەم دووساڵەی دواییدا و تەنانەت زۆر پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی، هەردوو حزبەکە بەرامبەر بە پارتی هەر یەك هەڵوێست و یەك حزب بوون، سەبارەت بە کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، هەموو لایەك لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ هەڵوێستی فراکسیۆنی یەکگرتوومان بینی و کاردانەوەی گۆڕان و کادرەکانیشمان بەرامبەر ئەو حزبە بینی، بۆیە کاتێك ئەگەر پرسەکە وردبکەینەوە، گۆڕان و یەکێتی پێکەوە بەرامبەر پارتی تەنیا کۆمەڵی ئیسلامی هاوپەیمانیانە کە ئەویش تەنیا شەش کورسیی پەرلەمانی هەیە و سەنگێکی پەرلەمانی ئەوتۆی نییە ئاراستەی پەرلەمانی پێ بگۆڕێت، لەبەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان و چەندین حزبی کوردستانیش هاوپەیمانیەتی، کەچی گوتاری دیماگۆکیانەی پۆپۆلیستییانە دەیانەوێت بەوجۆرە ژینگەیەکی سیاسیی خەیاڵاوی دروست بکەن، گوایە هەموو حزبەکان لەلایەکن و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا لەلایەکەی دیکە، ئەوجا لەمەش سەمەرەتر ئەوەیە، هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی ١١١ کورسیی پەرلەمانی تەنیا ٣٨ کورسی هەیە، باشە ئەگەر ئەو گوتارەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی تۆزێك ڕاستی تێدا بێت، بۆچی نەیانتوانی نیسابی یاسایی بۆ کۆبۆنەوەکەی پەرلەمان لە ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ دروست بکەن، کە ٥٦ کورسی دەکات و وەك خۆیان بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن، دەبوو ٧٣ کورسییان هەبووایە؟

ئەم شیکارە ماتماتیکییە بۆ ئەوە نییە بڵێین گوتاری پۆپۆلیستییانەی گۆڕان و هاوپەیمانەکەی ئیدی کاریگەریان لەسەر ژینگەی کوردستان و پارتی نابێت، نەخێر، ئەم شیکارە ماتماتیکییە بۆ ئەوەیە بڵێین ئەگەر هەتا ئێستا سەنگ و پێگەی پارتی و حزبە هاوپەیمانەکانی و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان نەیانهێشتبێت دیاردەی پۆپۆلیستی، ئازادی و دیموکراتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان کۆتایی پێبهێنن، ئەوا ئەگەر پارتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی نەخشەیەکی ڕێگەیان بۆ بەرپەرچدانەوە و وەڵامدانەوەی ئەم دیاردە ترسناکە نەبێت، ئەوا فیتنەیەکی گەورە یەخە بە کوردستان دەگرێت.

ئەگەر تا ئێستا و لەم دێڕانەدا تەنیا جەختمان لەسەر پۆپۆلیستی ژینگەی سیاسی کردبێت، ئەوا پۆپۆلیستی حکوومی و پەرلەمانی و گوتاری پۆپۆلیستی میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمتر لەو مەترسیدارتر نین، بۆیە کاتێك پارتی بیەوێت ڕووبەڕووی دیاردەی پۆپۆلیستی ببێتەوە، دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان وەك یەك پلانی هەبێت و خەڵکی کوردستان لەم مەترسییە هۆشیار بکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێواز و بیرکردنەوە و ڕەفتاری پۆپۆلیستییانە هەموویان پێکەوە لە پۆپۆلیستی ژینگەی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە و جیا لەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی بۆ ناشیرینکردنی حکومەت و حزبە رکابەرەکەیان لە زۆنی سەوز، خۆیان سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی گەندەڵی بوون، لە هەمانکاتدا بە درێژای دەساڵی رابردوو هێندەی هاندەر بوون بۆ گەندەڵی، قەت هۆکارێك نەبوون بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی، یان پلانێك دابنێن وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی لە کوردستاندا، لانیکەم لە زۆنی سەوزدا کە هەمووکات بەشی هەرە زۆری فەرمانبەرانی حکومەت هەر لە پارێزگاری سلێمانی تا دەگاتە بەشی هەرە زۆری قائیمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیە و بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەرەکان لە ژێرەوە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان بوون، بۆ ئەوەی ماکینەی ئیعلامی خیتابی پۆپۆلیستی گۆڕان پەکی نەکەوێت، سیستیماتیکانە پرۆژەکانیان پەکخستووە و کاری خەڵکیان ئاڵۆز کردووە بۆ ئەوەی جەماوەری خۆیان

**خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو بزووتنەوە پۆپۆلیستییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگە دابەش دەکەن بۆ دوو بەش (دەستەبژێر و خەڵک)، ئەمەش واتە دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ دۆست و دوژمن، واتە خەڵک دۆستە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا دوژمن**

**ئاڵۆزی و دووڕوویی پۆپۆلیزم وایکردووە کە مەحاڵ بێت تەنیا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو بارودۆخە بکەین کە پۆپۆلیزم تیایدا سەرهەڵدەدات**

**پۆپۆلیزم بریتی نییە لە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم دیارە لەناو رادیکاڵی راستڕەو و چەپڕەوی حزبەکانی رۆژئاوا بوونیان هەیە، لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیشدا، بێجگە لە بوونی پۆپۆلیستی رادیکاڵیی راست و چەپ، لە هەمانکاتدا پۆپۆلیستی تەیاری ئیسلامیی میانڕۆ و رادیکاڵیش هەیە**

**لە دەوڵەتانی رۆژئاوادا. ئێستا جۆرێک لە لاساییکردنەوەی بیرکردنەوەی پۆپۆلیستی بە ئاشکرا لەلایەن ئەندامانی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و قاعیدە بوونی هەیە و ئەوانیش بە هەمان شێوەی سەرکردە پۆپۆلیستەکان پەنا بۆ گوتاری توند و ئیستیفزازی و خۆپیشاندانی تێکدەرانە دەبەن و ژینگەی سەقامگیری وڵات تێکدەدەن**




لەسەر حیسابی حزبە رکەبەرەکەیان لە زۆنی سەوز زیاتر بکەن، بەمەش ژینگەیەکی سیاسی ئەوتۆیان دروستکردووە، لەبری ئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە بۆ ئایندە بڕوانێت، نائومێدییەکی رەشی ئەوتۆ باڵی بە سەر کۆمەڵگەدا کێشاوە کە کار گەیشتۆتە ئەوەی خەریکە ژینگەی سیاسی دەگاتە ئەو ئاستەی دوودڵی و ڕاڕایی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دروست ببێت!

پارتی دیموکراتی کوردستان بێجگە لە چڕکردنەوەی هەوڵەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی بۆ دژایەتیکردنی ئەم فیتنەیە و ئاشناکردنی خەڵکی کوردستان بە مەترسیی ئەم دیاردە ترسناکەی پۆپۆلیستی، لەمەش زیاتر دەبێت بە هەنگاوی گەورەتر رووبەڕووبوونەوەی ئەو گەندەڵکارانە دەست پێبکات کە بوونە فاکتەرێکی زۆر بەهێز بۆ دروستکردنی ژینگەی دیاردەی پۆپۆلیستی لە کوردستاندا.

پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لەسەر دەستی مستەفا بارزانی، جیاواز بووە لە هەموو حزبەکانی دیکەی نەك هەر کوردستان، بەڵکو تەواوی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی، ئەگەر لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، حزب دەربڕی خواست و ئیرادەی ئایدیۆلۆژیەتێك، یان تەیارێکی ئایینیی دیاریکراو، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو بوویێت، ئاوا پارتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە چادرێك بووە بۆ کۆکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و ئەمڕۆش کە یادی ٧٠ ساڵەی ئەم پارتە دەکەینەوە، بێگومان ئاواتی هەموو لایەك ئەوەیە جارێکی دیکە پارتی هەر چادرە گەورەکە بێت بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت رێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی بگەیەنیتە ئامانج، کە ئامانجی هەر تاکێکی کوردستانە.

**کاتێک هەموو شتێک لە فیکر و رەفتاری پۆپۆلیستیدا دەگۆڕێت بۆ خەیاڵ، ئەوا گومانی تێدا نییە دیموکراتی و ئازادیش بێجگە لە خەیاڵێک شتێکی دیکە نابێت**





موحسین دزەیی بۆ گوڵان:

# لە فیکری مستەفا بارزانی دا پارتی ئامرازێکە بۆ رێکخستن و یەکخستنی تواناکانی گەلی کوردستان

**پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین حزبی سیاسیی کوردستانی نییە، بەڵام یەکەمین حزبە کە بووە چادرێکی گەورە بۆ کۆکردنەوەی بەشی زۆری حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، هەروەها یەکەمین حزبی سیاسی بووە لە کوردستاندا کە سەرکردایەتییەکەی رەنگدانەوەی تەواوی جوگرافیای کوردستان بووە، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی لە سەردەمێکدا پارتی دامەزرا کە نائومێدییەکی گەورە باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی بارزانی مستەفا لە دامەزراندنی ئەم پارتە یەکخستن و رێکخستنی تواناکانی گەلی کوردستان بوو بۆ مقاوەمەت و قوربانیدان لە پێناوی مافە رەواکانی کوردستاندا، بووە چادرێکی گەورە و جیاوازییەکی پارتی لەگەڵ هەر حزبێکی دیکەی سیاسی لە کوردستان و تەواوی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی ئەوەیە، پارتی تەنیا حزبە کە نەیویستووە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بەسەر گەلی کوردستاندا فەرز بکات، بەڵکو هەمیشە بەرنامە و پرۆگرامی پارتی رەنگدانەوەی جیاوازییە سیاسییەکان و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وایکردووە ئەمڕۆ کە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی ئەم پارتە دەکەینەوە، هێشتا جێگەی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. بۆ قسەکردن لەسەر هەوراز و نشێوەکانی ئەم پارتە شۆڕشگێڕە، ئەم دیدارە تایبەتەمان لەگەڵ موحسین دزەیی دیپلۆماتکار و سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** جەنابی بارزانی نەمر لەساڵی ١٩٤٣ یەکەمین شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانی بەرپاکرد، کە ئەویش شۆڕشی دووەمی بارزان بوو، بێ ئەوەی بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بکاتەوە، ئایا بۆچی دوای شۆڕشی بارزان و بەشداریکردنی لە کۆماری کوردستان دامەزراندنی پارتیی بە پێویستییەك زانی؟**

- پێش شۆڕشی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ و بەرلەوەی مەلا مستەفا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، دوور خرابووەوە بۆ باشووری عێراق، بەڵام پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، ئەوکات حزبی کوردی هەبوون کە دیارترینیان حزبی هیوا بوو، جەنابی بارزانی پێوەندی لەگەڵ حزبی هیوا هەبوو، هەر بۆیە پاش ئەوەی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و شۆڕشی هەڵگیرساند، ئەو ئەفسەرانە پێوەندییان پێوەکرد کە ئەندامی حزبی هیوا بوون، پێیان دەگوتن (ضباط الارتباط)، دیارە حکومەتی عێراق هەوڵیدا لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ وتووێژ لەگەڵ شۆڕشی بارزان بکات، داواکارییەکانی شۆڕشی بارزان، شێوە ئۆتۆنۆمییەك بوو بۆ هەموو باشووری کوردستان، لەو یەك دوو ساڵەدا کە شەڕی دووەمی جیهانی لەئارادا بوو، حکومەتی عێراق وای پیشاندەدا کە بە رێککەوتنەکەی لەگەڵ شۆڕشی بارزان رازییە، بەڵام پاش ئەوەی لە ١٩٤٥ شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی هات و دیسان شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەت دەستی پێکردەوە، ئەو ئەفسەرانە چوونە ناو شۆڕش، لەم کاتەشدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مهاباد کۆماری کوردستانیان راگەیاندبوو، بۆیە بارزانی و هەڤاڵەکانی بڕیاریاندا بچن بە هانای کۆماری

**هیوادارم کە ئەو بەرپرسانەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێکەڵاوی خەبات کردووە، لە یەکتری جیابکەنەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز بارزانی نەمر ریگەی نەداوە بەرژەوەندی تایبەتی تێکەڵاوی بەرژەوەندی گشتی و خەبات و کوردایەتی بکرێت**

کوردستانەوە و بوونە هێزی سەرەکیی پاراستنی ئەو کۆمارە، هەر لەو کاتەدا لەساڵی ١٩٤٥ حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دامەزرا، لە باشووری کوردستانیش حزبی هیوا تەواو لاواز بوو، هەندێك حزبی دیکە هەبوون وەك شۆڕش و ڕزگاری و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی دارکەر، بۆیە لەساڵی ١٩٤٦ جەنابی بارزانی بیری لەوە کردەوە کە حزبێکی سیاسی لە باشوور دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان و سەرۆك هۆز و کەسایەتییە سیاسییەکان کۆبکاتەوە و ئەم حزبە ببێتە فاکتەرێك بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کورد لە ژێر یەك ڕەشماڵدا، بۆ ئەمەش داوای کرد کە ئەو حزبانە وتووێژ بکەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ کۆنگرەیەك بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کورد ڕابگەیەندرێت (لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا پارتی دیموکراتی کورد بوو، نەك پارتی دیموکراتی کوردستان) لەم کۆنگرەیەدا مەلا مستەفا بە سەرۆکی پارتی و هەر یەك لە شێخ لەتیفی حەفید و کاکە زیادی کۆیە وەك جێگرانی سەرۆك دیاری کران و هەمزە عەبدوڵا-ش بووە سکرتێری پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران، دیارە جیاوازی دامەزراندنی پارتی لەگەڵ هەر حزبێکی دیکەی پێشووی کوردستان ئەوە بوو، سەرکردایەتی پارتی، ڕەنگدانەوەی هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بوون، بۆ یەکەمجار بوو حزبێك دابمەزرێت کە سەرکردایەتییەکەی هەموو جوگرافیای کوردستان لەخۆی بگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە بیرکردنەوەی جەنابی مستەفا بارزانی لە دامەزراندنی پارتی بۆ یەکخستن و یەکگرتنەوەی نێوماڵی کوردستان بووە و بۆ ئەوە بوو کورد لە پارچە پارچەیی و ناوچەگەری ڕزگار بکات و قۆناخێکی نوێی خەباتی کوردستانی گشتگیر دەست پێبکات.

*** ئەم تێڕوانینەتان بۆ بیرکردنەوەی بارزانی لە حزبی سیاسی، ئەوەمان پێدەڵێت، جەنابی بارزانی ئامانجی لە دامەزراندنی پارتی بەرەیەك بووە بۆ کۆکردنەوەی تەواوی کوردستانییەکان، نەك ئامانجی ئەوە بوویێت حزبێك دروست بکات و پاشان خەڵك لە دەوری ئەو حزبە کۆبکاتەوە، ئایا لەمبارەوە بۆچوونت چییە؟**

- بیرکردنەوەی سەرەکیی بارزانی-ی نەمر تەنیا بیرکردنەوە بوو لەوەی کە چۆن هەموو کورد و کوردستانییەکان پێکەوە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی خەبات بکەن بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەنی کیانی خۆی و بە مافەکانی خۆی بگات، ئەم بیرکردنەوەیەشی تەنیا بۆ باشوری کوردستان نەبوو، بەڵکو بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان بوو، لەگەڵ کەسایەتی و سەرۆك هۆزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانیش پێوەندی هەبوو، ئەمەش مانای ئەوەیە چەمکی حزب لای مستەفا بارزانی بەو جۆرە نەبووە کە حزبێك دابمەزرێت و ئەم حزبە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکدا فەرز بکات، یان ئەوەی حزبەکان پێی دەڵێن تەسقیفی خەڵك بکەن بۆ ئەوەی خەڵك هان بدەن بۆ ئەوەی پێوەندی بە حزبەکەوە بکەن، نەخێر، لە بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی- دا، ئەمە تەواو پێچەوانەیە، لەبەر ئەوەی چەمکی حزب لای جەنابی بارزانی بەوجۆرە بوو، چۆن حزب بتوانێت ڕایەڵەیەکی بەهێز لە نێوان سەرجەم بیروبۆچوونە جیاوازەکان و پارچەکانی دیکەی کوردستان و سەرجەم کەسایەتی و سەرۆك هۆزەکانی کوردستان دروست بکات، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بوو تایبەتمەندی هەر پارچەیەکی کوردستان وەك خۆی بپارێزرێت. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بۆ نەوەکانی ئێستا ئاماژە بەوە بکەم، بۆچوونی بارزانی بۆ شۆڕش و حزب بەو جۆرە بوو، کاتێك کورد شۆڕش دەکات، پێویستە حزبێکی هەبێت و ئیدارەی ئەو شۆڕشە بەڕێوە بەرێت و جۆرێك لە ڕێکخستن و ئیدارەیەکی سەرکەتوو بۆ ئاراستەکردنی شۆڕش و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان دروست بکات، ئەمەش بەو مانایەی لای مستەفا بارزانی، حزب ئامرازێکی پێویست بووە بۆ ئەرکی خۆی کە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی شۆڕش بووە، نەك حزب ئامانجێك بێت .

*** دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا دروست بوو کە کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات ڕووخابوو، بارزانی و هەڤاڵەکانی ناچاربوون کاروانە مێژووییەکەیان بۆ پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و چوون بۆ سۆڤیەت دەست پێبکەن، ئایا لەم ساتەوەختە سەخت و نائومێدەدا، دامەزراندنی پارتی بۆ یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد چ مانایەکی هەبوو؟**

- ئەو سەردەمەی پارتی دامەزرا، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، ئەوجا لەبەر ئەوەی دامەزراندنی پارتی میکانیزمێك بوو بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد، بووە سەرچاوەیەکی ئومێد بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نائومێدیە،

**ڕەخنەکانی من لە پارتی لە ڕوانگەی ئەو شێواز و ڕەفتارە بەرزانەوەیە کە خۆم لە جەنابی بارزانی نەمرم بینیوە، لە سەردەمی مەلا مستەفادا خەڵک و پارتی زۆر نزیک بوون، هەروەها بەرژەوەندی تایبەتی تێکەڵاوی خەبات و کوردایەتی نەدەکرا، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەست دەکەم هەندێک دووری لە نێوان خەڵک و پارتی هەیە**

**مەسەلەکە سیستمی سیاسیی ئەم وڵاتەیە، لە هەموو وڵاتێکیش بۆچوونی جیاواز لەسەر سیستمی سیاسی هەیە، هەر لایەنێکیش بەرگری لە بۆچوونەکەی خۆی دەکات، کەسیش ناتوانێت لەسەر سیستمی سیاسی بۆچوونی خۆی بەسەر کەسدا فەرز بکات، ئەگەر نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوا تەنیا لایەک بتوانێت ئەمە یەکلایی بکاتەوە، گەلی کوردستانە، پارتی بەم ڕێگەچارەیە ڕازییە و دەڵێت با ئەم کێشەیە میللەت یەکلایی بکاتەوە**

**زیاتر لە نیوسەدەیە لەگەڵ کاک مسعود بارزانی یەکتری دەناسین و کارمان کردووە و لە شوێنێکدا پێکەوەژیاوین، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمبیستووە چاوی لە پۆست بێت، تەنیا ئامانجی خزمەتی میللەتی کورد و کوردستان بووە وەک باوکی نەمری**

**هێشتا پارتی لەسەر دەستی بارزانی دانەمەزرابوو کە بارزانی ڕێبەرایەتی شۆڕشی نەتەوەیی کردووە و هەروەها بۆتە پارێزەری کۆماری کوردستان، لەمەش زیاتر هەتا ساڵی ١٩٥٨ خۆتان دەزانن جەنابی بارزانی لە سۆڤیەت بوو، سەرپەرشتی یەک کۆبوونەوەی پارتی نەکردبوو، بەڵام هەموو ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا باسی قارەمانییەتی بارزانی-یان دەکرد، جەمال عەبدولناسر کە بە ڕابەری هەموو نەتەوەی عەرەب دەدانرا، وەک هاوتای خۆی (واتە ڕابەری نەتەوەی کورد) پێشوازی لێدەکرد**

جەنابی بارزانی کە چووە سۆڤیەت بەو نییەتە چوو لەوێ بازنەی خەباتی باشوور و ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێبداتەوە، بەڵام شانسی ئەو کاتێك چووە باکۆ ئەوکات باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجان بوو، باقرۆف زۆر دژی کورد و شەخسی بارزانی بووە، بۆیە وایکرد کە هەڤاڵەکانی بارزانی هەر چەند کەسێك و بۆ شارێك دووربخاتەوە، ئەم بارودۆخە بەو جۆرە بوو هەتا ستالین مرد و پاشانیش باقرۆف لە سێدارە درا، ئەگەر بارودۆخی ئەوێ لە بار بووایە، هەر لەوێوە جەنابی بارزانی خەباتی ئەو دوو بەشەی پێکەوە گرێدەدایەوە، لێرەدا دووبارە گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەم تێڕوانین و بۆچوونەی جەنابی بارزانی بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە جەنابی بارزانی هەموو ئومێدێکی لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد دەبینی، تەنانەت بەرامبەر جاشەکانیش لێبووردە بوو، من خۆم لێم بیستووە و جارێکیان پێی گوتم: (ئەگەر شۆڕش سەرچاوەیەکی دارایی هەبوایە و بمانتوانیایە مووچەی ئەو جاشانە بدەین، ئەوا ئەوان هەموویان دەهاتنە ناو شۆڕش، چونکە بەشی هەرە زۆریان کە دوای ئەو سەرۆك جاشانە کەوتبوون، لە ناچاری و برسێتیدا دوایان کەوتبوون). کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت لای بارزانی نەمر یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکخستنی نێوماڵی کورد لە سەرووی هەموو شتێك بووە و پارتیشی هەر بۆ ئەو مەبەستە دامەزراندووە.

*** ئاشکرایە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و دروستبوونی شەڕی سارد و دوو جەمسەری لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بیرۆکەی جیهانی سێهەم هاتەئاراوە، ئەوە بوو لە کۆنگرەی باندۆك بناخەی ڕێکخراوی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم وەك بێلایەنێك لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاگەیەندرا، دیارە بارزانی مستەفا پشتگیری کۆنگرەی باندۆکی کرد، ئایا ئەم پشتگیرییە بە بۆچوونی تۆ لەسەر چ بنەمایەك بووە؟**

- ئەو سەردەمە کە شەڕی سارد دروست بوو، جیهان دابەش ببوو بە سەر دوو جەمسەردا، ئەو دەوڵەتانەشی کە تازە سەربەخۆییان وەرگرتبوو، دەیانویست ڕێکخراوێکیان هەبێت سەر بە هیچ کام لەم دووجەمسەرە نەبێت، سۆڤیەتیش پشتگیری دامەزراندنی وڵاتانی بێلایەنی دەکرد، دیارە ئەو کات ململانێی توندی نێوان ئەو دوو جەمسەرەی کۆمونیست و ڕۆژئاوا، پرسی گەلانی وەك ئێمەی پشتگوێ خستبوو، جەنابی بارزانی بەوجۆرە سەیری ئەم ڕێکخراوە تازەیەی دەکرد کە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەو پشتگوێخراوییە ڕزگار بکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لەگەڵ ژمارەیەك لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە دۆستایەتی پەیدا کرد، کە یەکێك لەوانە جەمال عەبدولناسر-ی سەرۆکی میسر بوو کە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی وڵاتانی جیهانی سێیەم، یان دەوڵەتانی بێلایەن دادەنرێت، ئەو پێوەندییەی جەنابی بارزانی لەگەڵ عەبدولناسر دروستی کرد، دوای ئەوەی لە سۆڤیەت گەڕایەوە و شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، ڕەنگدانەوەی هەبوو و میسر لە سەردەمی ناسر پێشوازی لە شاندی شۆڕشی کوردستان کرد.

*** لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بوویت بە پێشمەرگە، ئایا کاتێك بوویت بە پێشمەرگە پێوەندی نێوان شۆڕش و حزب چۆن بوو؟**

- من لە ساڵی **١٩٦٣** بووم بە پێشمەرگە، ئەو کات من ئەندامی پارتی نەبووم، تەنیا لایەنگیر بووم، ئەو ناوچەیەی کە بۆی چووم لە دەوروبەری کۆیە بوو، لەو ناوچەیە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دەسەڵاتیان هەبوو، عومەر دەبابەی خوالێخۆشبوو لەوێ بوو، هەر دوای یەك دوو هەفتە بۆم دەرکەوت کە لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانی-دا جۆرێك لە ناکۆکی هەیە، من ئەو ساردی و ناکۆکییەم پێ ناخۆش بوو، چونکە دەمزانی بە زیانی کورد تەواو دەبێت، لە ماوەی ساڵی **١٩٦٤** کاتێك شۆڕش وتووێژی لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف دەست پێکرد، ناکۆکییەکە زۆر زیاتر تەشەنەی کرد، سەرەنجامیش دوژمن قازانجی لێکرد و پاشانیش هەموو لایەك هەستیان کرد کە نەدەبوو ئەو ناکۆکی و لێکترازانە ڕوویدات، بۆ ئەمەش من بەسەرهاتێك دەگێڕمەوە، لە ساڵی **١٩٩١** بۆ یەکەمین جار تۆرکۆت ئۆزال سەرۆك کۆماری تورکیا داوەتی فەرمی بەڕێزان سەرۆك بارزانی و مام جەلالی کرد بۆ تورکیا، ئەو کات سەرۆك بارزانی لە ناوەوەی وڵات سەرقاڵی بەرەی کوردستانی بوو، بۆیە منی ڕاسپارد لەگەڵ مام جەلال بچینە ئەو دیدارە، ئەوکات مام جەلال لە سووریاوە هات بۆ تورکیا، پاش ئەوەی ئەو دیدارەمان لەگەڵ تورکۆت ئەنجامدا، لەگەڵ مام جەلال گەڕاینەوە بۆ سووریا لەبەر ئەوەی لەو کاتە کۆنگرەیەکی ئۆپۆزسیونی عێراقی هەبوو لە لوبنان بۆ ئەوەی بچینە ئەوێ و بەشداری بکەین،

لە ڕێگە من و مام جەلال لە یەك ئۆتۆمبێلدا بووین، قسە و باس کرا سەبارەت بە ناکۆکییەکانی ناوشۆڕش، لەو کاتەدا مام جەلال پێی گوتم: (من قەت نەمویستووە پێوەندیم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی تێکبچێت.) ڕووی کردە من و پێی گوتم: (ئەزانی کێ زۆر سوور بوو لە سەر ئەوەی ئەو پێوەندییە تێکبچێت؟ لە وەڵامدا وتی: (مامۆستا برایم ئەحمەد و کاك نوری شاوەیس) . بەڵام دوای ساڵی ١٩٦٤ کاك نوری شاوەیش هاتەوە لای بارزانی، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر عینادی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە ئەو لێکترازانەی ١٩٦٤ شتێکی شەخسی بوو .

*** ئایا جەنابی بارزانی نەمر چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووداوە کرد، ئایا نەدەکرا پێش بەو لێکترازانە بگیرێت؟**

- جەنابی مەلا مستەفا زۆری پێناخۆش بوو ماڵی کورد لێکترازانی تێدا دروست بێت، بەڵام ئەوەندەی من بزانم پێشتر دەکرا ڕێ لەو لێکترازانە بگیرێت، ئەگەر یەك دوو کەس هەبوون دووربخرانایەوە، یەکەمیان برایم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بوو، دووەمیان مەلا عەبدوڵا بوو کە ناسراو بوو بە (مەلا ماتۆڕ)، ئەگەر ئەو دووکەسە دووربخرانایەوە، ئەو لێکترازانە دروست نەدەبوو، پاشانیش کە ئەو لێکترازانە ڕوویدا، مەلا مستەفا بڕیاریدا کۆنگرەی شەشی پارتی گرێبدرێت، بۆ ئەو کۆنگرەیە داوای لێکردن بابێن کێشەکانی خۆیان لەناو کۆنگرەی شەش باس بکەن، بەڵام ئەوان گوتیان ئەو کۆنگرەیە شەرعییەتی نییە و نایەن، بەڵام من لێرەدا پرسیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٥٩ کاتێك بەشێك لە سەرکردایەتی پارتی هەوڵی ئەوەیاندا پارتی بەرەو حزبی شیوعی بەرن، برایم ئەحمەد و ئەوان هاتنە لای بارزانی شکاتیان کردو، بارزانی ئەوانەی دوور خستەوە و برایم ئەحمەدی کرد بە سکرتێری پارتی، بۆچی ئەو ئاڵوگۆڕە ئەوکات شەرعییەتی هەبووە، بەڵام لای ئەوان کۆنگرەی شەش شەرعییەتی نەبووە؟

*** باشە وا نەهات بۆ کۆنگرەی شەش، ئایا بۆ دوای ئەوە بۆ یەکەمجار شەڕی براکوژی دروست بوو؟**

- بێگومان کە ئەوان نەهاتن بۆ کۆنگرەی شەش، کۆنگرە سەرکردایەتییەکی تازەی هەڵبژارد و مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا، دوای کۆنگرە، داوا لە باڵی مەکتەبی سیاسی کرا، ئەوەی لایانە تەسلیمی مەکتەبی سیاسی تازەی بکەن، بەڵام ئەوان تەسلیمیان نەکرد، دیارە ئەو کات مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی ماوەت بوو کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، ئەو کەلوپەل و شتانەی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ شۆڕش دەهات، هەمووی لای مەکتەبی سیاسی بوو، مەکتەبی سیاسی هەندێك شتی دەنارد بۆ بارزانی، بۆیە شۆڕش ناچار بوو بۆ وەرگرتنەوەی موڵکی شۆڕش پەنا بۆ هێز بەرێت، ئەوان کران بە دیوی ئێراندا، بەڵام ئێران هاریکاری دەکردن و یەك دوو جار بە هاوکاری ئێران هێرشیان کردەوە بۆ سەر شۆڕش، بۆیە بارزانی هەڕەشەی ئاراستەی شای ئێران کرد، ئەگەر هاریکاری ئەوان بکات، بۆ ئەوەی لە ئێرانەوە هێرش بکەنە سەر شۆڕشی کوردستان، ئەوا شۆڕشەکە دەگوازێتەوە بۆ ناو ئێران، بۆیە شا ناچار بوو بیانگوێزێتەوە بۆ هەمەدان، دیارە هەمەدانیش زۆر لە سنووری کوردستانەوە دوورە و ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان کرماشان و تارانەوە.

*** بەڵام پاش ئەوەی نێردران بۆ هەمەدان، لە هەمەدانەوە گەڕانەوە بۆ ناو شۆڕش، ئایا مامەڵەی بارزانی دوای گەڕانەوەیان چۆن بوو؟**

- بێجگە لە برایم ئەحمەد هەموویان گەڕانەوە، دوای ئەوەی گەڕانەوە مەلا مستەفا لەبەر ئەوەی پەرۆشی یەکڕیزی نێوماڵی کورد بوو، نەك باسی هیچی لەگەڵ نەکردن، بەڵکو چەندین بەرپرسیاریەتی گرنگیی سەربازیشی دانێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦ هەست دەکرا پیلانێك هەیە بۆ ئەوەی لە شۆڕش جیاببنەوە، ئەو کاتیش ئێران هەر پشتگیری ئەوانی دەکرد و دەیویست بە هەر نرخێك بێت، ماڵی کورد لێکبترازێنێت، لێرەدا بەسەرهاتێکی دیکە دەگێڕمەوە، دوای شەڕی هەندرێن لە ساڵی ١٩٦٦ جەنابی بارزانی ئەمری کرد بچمە ئێران، ئەوکات شۆڕش تەنیا ٦٠ هەزار دۆلاری هەبوو، پێی وتم بچۆ لە تاران بیگۆڕەوە بۆ دیناری عێراقی، کە ڕۆیشتم لە حاجی ئۆمەرانەوە نامەیەکم بۆ نافیز جەلال نووسی کە ئەوکات بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، لەو نامەیە داوام لێکردبوو دەستبەجێ کاك ئەحمەدی برام بگوازێتەوە، نەك دوای باڵی مەکتەبی سیاسی بکەوێت، ئەوە بوو من چووم بۆ تاران بۆ ئەوەی پارەکە بگۆڕمەوە، ڕۆژێکیان شەمسەدین موفتی کە نوێنەری شۆڕش بوو لە ئێران تەلەفۆنی

**جارێکیان لە جەنابی بارزانی-م پرسی: ئەزبەنی نهێنی ئەوە چییە کە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ تۆن زۆر بە زوویی فەرمانەکانت جێبەجێ دەکەن؟ لەوەڵامدا پێی گوتم: من مامەڵەی کوڕ و برای خۆم لەگەڵ هەڤاڵەکانم دەکەم، هەرگیز وەک ئامر و سەرباز مامەڵەیان لەگەڵ ناکەم، ئەگەر پێشمەرگەیەک برسی بوو، هەوڵدەدەم من خۆم برسی بم، نەک ئەو، لە شەڕدا کام بەرە زۆر سەخت بووە، خۆم چوومەتە ئەو بەرەیە و سەرپەرشتیم کردووە، کە پێشمەرگەیەک بریندار بووە بەجێم نەهێشتووە، زۆر جار خۆم هەڵمگرتووەتەوە**

**مەلا مستەفا تەنانەت بڕوای بەوەش نەبوو، یادەوەرییەکانی خۆیشی بنووسێتەوە، ئەو خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی دەزانی، واتە ئەو گەلەکەی بە سەرداری خۆی دەزانی و بڕیاری گەلەکەی جێبەجێ دەکرد، بڕوای بەوە بوو میللەت خۆی هۆشیارە و تەنیا بەرچاو ڕۆشنکردنەوە و ڕێکخستن و یەکخستنی تواناکانی دەوێت**

بۆکـردم و پێـی گوتـم، سـەرهەنگ عیسـا پژمـان دەیەوێت بتبینێت، منیش وتم باشە. مـن لـە هۆتێل بـووم، سـەرهەنگ عیسـا پژمـان هـات بـۆ لام و پێی گوتم: خەبەرێکی خۆشم بۆ تـۆ پـێ نییە، کاك ئەحمەدی برات لەگـەڵ مەکتەبی سیاسی لـە شۆڕش جیابۆتـەوە و چۆتـە لای حکومەتی عێراق، بۆیـە باشـترە تـۆ نەڕۆیتـەوە، ئـەو پارەیەشـی لاتـە ببیبە بـۆ خۆت و ئێمەش هاوکاریت دەکەیـن، منیش لە وەڵامدا پێمگوت، ئەگەر بزانم مەلا مستەفا لە حاجی ئۆمەران لە سێدارەم دەدا هەر دەگەڕێمەوە، ئەو پارەیەش نەك ٦٠ هەزار دۆلار بێت، ئەگەر٦٠ملیۆن دۆلاریش بێت، ئەوە پارەی شۆڕشە و چاوم لەسەری نییە، بەهەرحال پژمان رۆی، بۆ رۆژی داوایی دیسان شەمسەدین موفتـی تەلەفۆنـی بـۆ کـردم و پێـی گوتم: ژەنراڵ موعتەسەم یاریدەدەری ساواك دوای کردووە و دەیەوێت بتبینێت، منیش وتم باشە، بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ کاك شەمسەدین چووین بۆلای، دیسان ئەویش هەمان قسەکانی عیسا پژمانی کردەوە، منیش هەمان وەڵامم دایەوە و پێمگوت ئەگەر دەتەوێت هاوکاریم بکەیت، باشترە زوو بگەڕێمەوە، دەچمەوە، ئەگەر مەلا مستەفا دەریکردم، ئەوا نە دوای باڵی مەکتەبی سیاسی دەکەوم و نە دەشگەڕێمەوە بۆ عێراق، بۆ خۆم دەچم لە وڵاتێکی دیکە نیشتەجێ دەبم، ئەوجا وتی: تۆ هەر کاتێك دێیت بۆ ئێران، مەرزەکان لەبەردەمتدا کراوەیە و دوای ئەوە ئۆتۆمبێلێکیان بۆ گرتم و گەڕامەوە بۆ حاجی ئۆمەران.

*** کە گەڕایتەوە و چوویتە خزمەت بارزانی، هەڵویستی جەنابیان چۆن بوو؟**

- کە گەیشتمەوە حاجی ئۆمەران، ئەحمەد حاجیم بینی، ئێستاش لە ژیاندا ماوە پێی گوتم: جەنابی بارزانی لە خەلانە و چاوەڕێی تۆ دەکات. کە چوومە خزمەتی شاندێکی حکومەت هاتبوون بۆ لای، ئەوە بوو دوای ئەوە بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی بەدوادا هات، من هەموو قسەکانم بۆ گێڕایەوە، ئەو زۆر پێی ناخۆش بوو، کاك ئەحمەدی برام دوای ئەوان کەوتبوو، وتی: نازانم لەسەر چی دڵی زویر بووە، بەڵام پاشان لە ساڵی ١٩٦٩ کاك ئەحمەد لێیان جیابووەوە دانیشت.

*** ئەگەر هەر لەسەر ئەو لێکترازانە هەڵوەستە بکەین، دیارە لەو ساڵەدا مەکتەبی سیاسی دژی سەرۆکایەتی بارزانی بوون لەناو پارتی، بەشی هەرە زۆری ئەندامانیشیان لەگەڵدا بوو، پرسیار ئەوەیە بۆچی نەیانتوانی ئەو پیلانەیان سەربخەن؟**

- لەناو مەکتەبی سیاسی تەنیا ساڵح یوسفیان لەگەڵدا نەبووە، ئەویش بێلایەن بوو، تەنانەت سکرتێری پارتی خۆی سەرۆکایەتی ئەو ئاژاوە و لێکترازانەی دەکرد، بەڵام میللەت و بەشی زۆری ئۆرگانەکان و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ بارزانی بوون، بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش دوای ئەوەی رۆیشتن گەڕانەوە.

*** هۆکاری سەرەکی ئەو ململانێیە لەگەڵ جەنابی بارزانی چی بوو؟ خۆ بارزانی پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت، وەك سەرۆکی نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، پێش ئەوە رێبەرایەتی یەکەمین شۆڕشی نەتەوەیی کردووە، هەروەها ئەو سەرۆکایەتی یەك کۆبوونەوەی پارتی نەکردبوو، تا گەڕایەوە لە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام بینیمان چۆن پێشوازی کرا؟**

- جەنابی بارزانی لەگەڵ ئەوەی پێش دروستبوونی پارتیش هەموو جیهان وەك رێبەری کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان سەیریان دەکرد، بەڵام ئەو هەر خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی دەزانی، ئەم تایبەتمەندییەی بارزانی وایکردبوو کە هەموو لایەك سەرۆکایەتی و رێبەرایەتی بارزانیان قبوڵ بوو، دەسەڵاتی بەسەر هەموو کوردستاندا هەبوو، لەبەرامبەر ئەم شکۆ و گەورەیی بارزانی-دا، برایم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بوو، وایدەزانی ئەو بەو سیفەتەی کە سکرتێری حزبە، دەبێت هەمان شکۆ و دەسەڵاتی بارزانی هەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەم لێکترازانەی لە نێوماڵی کورد دروست کرد و پاشانیش ژمارەیەکی زۆر کەمی بە دەورەوە مایەوە.

*** بەڵام هەر لەو کاتەدا حزبی شیوعی عێراقیش هاتبوونە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لە ژێر رابەرایەتی مستەفا بارزانی کە بەشێك بوون لە شۆڕشی ئەیلول، پرسیار ئەوەیە حزبەکانی دیکەش رێبەرایەتی بارزانی-یان قبوڵ بووە، بۆچی ئەوان ئەو فیتنەیان دروستکرد؟**

- با هەندێك لەسەر ئەم پرسەش هەڵوەستە بکەم، کاتێك لە ساڵی ١٩٦٣ شیوعییەکان ئەو کارەساتەیان بەسەر هات و ناچاربوون روو لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش بکەن، ئەوانەی لە دەوروبەری سلێمانی بوون، چوونە ئەو ناوچانەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتدار بوو، لەوێ هەموویان گرتن، بەڵام ئەوانەی هاتنە ئەو ناوچانەی

**کاتێک لە ساڵی ١٩٦٣ شیوعییەکان ئەو کارەساتەیان بەسەر هات و ناچاربوون روو لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش بکەن، ئەوانەی لە دەوروبەری سلێمانی بوون، چوونە ئەو ناوچانەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتدار بوو، لەوێ هەموویان گرتن، بەڵام ئەوانەی هاتنە ئەو ناوچانەی بارزانی دەسەڵاتی هەبوو، ئەو پێشوازی لیکردن و وتی دەبێت وەک بەشێک لە شۆڕش و پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت**

**لە ساڵی ١٩٦٦ هەست دەکرا پیلانێک هەیە بۆ ئەوەی لە شۆڕش جیاببنەوە، ئەو کاتیش ئێران هەر پشتگیری ئەوانی دەکرد و دەیویست بە هەر نرخێک بێت، ماڵی کورد لێکبترازێنێت**

بارزانی دەسەڵاتی هەبوو، ئەو پێشوازی لێکردن و وتی دەبێت وەك بەشێك لە شۆڕش و پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، شیوعیەکانیش کە ئەم پێشوازییەیان لە جەنابی بارزانی بینی، بڕیاریان دا لەژێر رابەرایەتی بارزانی بەشداری شۆڕشی ئەیلوول بکەن، هەروەها لە شەڕی هەندرێن کە کاك ئیدریس سەرپەرشتی دەکرد، شیوعیەکانیش بەشدارییان کرد و بە هەموو لایەك بە جۆرێك دوژمن تێکشکێندرا کە دوای ئەو شەڕە ناچار بوو داوای وتووێژ لەگەڵ شۆڕش بکات.

*** یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمر ئەوە بوو کە هێندەی هەوڵیدەدا بەرچاوی کورد بۆ کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی رۆشن بکاتەوە، هیندە گوتاری نەدەدا، بۆیە لە سەردەمی بارزانی نەمردا بناخەکانی فیکری نەتەوەیی و خەباتی سەرتاسەری رەگی داکوتا، ئایا چۆن بتوانین سوود لەم ئاراستە فیکرییە رۆشنگەرییەی بارزانی وەربگرین؟**

- مەلا مستەفا تەنانەت بڕوای بەوەش نەبوو، یادەوەرییەکانی خۆیشی بنووسێتەوە، ئەو خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی دەزانی، واتە ئەو گەلەکەی بە سەرداری خۆی دەزانی و بڕیاری گەلەکەی جێبەجێ دەکرد، بڕوای بەوە بوو میللەت خۆی هۆشیارە و تەنیا بەرچاو رۆشنکردنەوە و رێکخستن و یەکخستنی تواناکانی دەوێت، گەل خۆی بڕیار دەدات چۆن بیردەکاتەوە، نەك بیرکردنەوەیەکی دیارکراوی بەسەردا بسەپێندرێت. لە ئەمریکا من ماوەی سێ ساڵ شەو و رۆژ لەگەڵ مەلا مستەفا بووم، ئەو کات زۆر لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی ئەمریکا دەهاتن داوایان لێدەکرد یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، تەنانەت بە منیان دەگوت بە دزیی مەلا مستەفاوە تۆمارێکی دەنگی دابنێ کە قسەدەکات با تۆمار بکرێت، بەڵام من دەمگوت هەتا خۆی رازی نەبێت، کاری وا ناکەم، مەلا مستەفا دەیگوت، با دوای خۆم میللەت لەسەرم بنووسێت، میللەت دادپەروەرە، ئەوەی باشم کردبێت، پێی دەڵێت باشە و ئەگەر کارێکی خراپم کردبێت، دەڵێت خراپە، بەڵام ئەگەر خۆم بیاننووسمەوە لەوانەیە بەو ئاستە دادپەروەر نەبم، بۆیە پرسی هۆشیارکردنەوەی میللەت و تەسقیفکردنی حزبی مەلا مستەفا بڕوای پێی نەبوو، بێگومان قسەکەشی زۆر راست بوو، چونکە تۆ کەسێك ئاگادار دەکەیتەوە کە نەزانێت دەچەوسێندرێتەوە، کەسێك تەسقیف دەکەیت کە نەزانێ بۆچی خەبات دەکات، بەڵام میللەتی کورد کاتێك بەرچاوی رۆشن بووەوە لە میانەی شۆڕشەکانەوە و بەشی زۆری بە بێ ئەوەی پێوەندی بە پارتیشەوە کردبێت، دەبووە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول. من پێشتریش وتم گەلی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و لە باشوور بەتایبەتی هەمووی لە دەوری بارزانی کۆببوونەوە، باشە ئەگەر بەراوردی ژمارەی ئەندامانی پارتی لەگەڵ گەلی کوردستان بکەین، دیارە ژمارەیەکی زۆر کەم ئەندامی پارتی بوون، بەڵام هەموو گەلی کوردستان خۆی بە بەشێك لە شۆڕش دەزانی و سەرکردایەتی بارزانی-یشیان قبووڵ بوو.

*** ئایا پێتوانییە برادەرانی ئەوکات پێیان وابووە سەرۆکایەتی پارتی بارزانی گەورە کردووە، نەیاندەزانی سەرۆکایەتی بارزانی شکۆی بۆ پارتی دروست کردووە؟**

- با من شتێکی ترتان بۆ بگێڕمەوە، جارێکیان لە جەنابی بارزانی-م پرسی: ئەزبەنی نهێنی ئەوە چییە کە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ تۆن زۆر بە زوویی فەرمانەکانت جێبەجێ دەکەن؟ لەوەڵامدا پێی گوتم: من مامەڵەی کوڕ و برای خۆم لەگەڵ هەڤاڵەکانم دەکەم، هەرگیز وەك ئامر و سەرباز مامەڵەیان لەگەڵ ناکەم، ئەگەر پێشمەرگەیەك برسی بوو، هەوڵدەدەم من خۆم برسی بم، نەك ئەو، لە شەڕدا کام بەرە زۆر سەخت بووە، خۆم چوومەتە ئەو بەرەیە و سەرپەرشتیم کردووە، کە پێشمەرگەیەك بریندار بووە بەجێم نەهێشتووە، زۆر جار خۆم هەڵمگرتووەتەوە، بۆیە ئەگەر پێوەندیمان بەو جۆرە نەبێت، ئەوانیش فەرمانەکانی من جێبەجێ ناکەن، لەم بەسەرهاتە مەبەستم ئەوەیە جەنابی بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆی وەك سەرۆك مامەڵەی نەکردووە، بۆیە بەرامبەر میللەتەکەی هەر خۆی بە خزمەتکار زانیوە و بەردەوامیش ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کە ئەرکی ئەو ئەوەیە خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات، لایەنێکی دیکە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، هێشتا پارتی لەسەر دەستی بارزانی دانەمەزرابوو کە بارزانی رێبەرایەتی شۆڕشی نەتەوەیی کردووە و هەروەها بۆتە پارێزەری کۆماری کوردستان، لەمەش زیاتر هەتا ساڵی ١٩٥٨ خۆتان دەزانن جەنابی بارزانی لە سۆڤیەت بوو، سەرپەرشتی یەك کۆبوونەوەی پارتی نەکردبوو، بەڵام هەموو رۆژنامە گەورەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا باسی قارەمانییەتی بارزانی- یان دەکرد،

**جەنابی مەلا مستەفا زۆری پێناخۆش بوو ماڵی کورد لێکترازانی تێدا دروست بێت، بەڵام ئەوەندەی من بزانم پێشتر دەکرا رێ لەو لێکترازانە بگیرێت، ئەگەر یەک دوو کەس هەبوون دووربخرانایەوە، یەکەمیان برایم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بوو، دووەمیان مەلا عەبدوڵا بوو کە ناسراو بوو بە (مەلا ماتۆر)، ئەگەر ئەو دووکەسە دووربخرانایەوە، ئەو لێکترازانە دروست نەدەبوو**

**جەنابی بارزانی هەموو ئومێدێکی لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد دەبینی، تەنانەت بەرامبەر جاشەکانیش لێبووردە بوو، من خۆم لێیم بیستووە و جارێکیان پێی گوتم: (ئەگەر شۆڕش سەرچاوەیەکی دارایی هەبوایە و بمانتوانیایە مووچەی ئەو جاشانە بدەین، ئەوا ئەوان هەموویان دەهاتنە ناو شۆڕش، چونکە بەشی هەرە زۆریان کە دوای ئەو سەرۆک جاشانە کەوتبوون، لە ناچاری و برسێتیدا دوایان کەوتبوون)**

**ئەو سەردەمەی پارتی دامەزرا، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، ئەوجا لەبەر ئەوەی دامەزراندی پارتی میکانیزمێك بوو بۆ یەکخستنەوە و رێکخستنەوەی نێوماڵی کورد، بووە سەرچاوەیەکی ئومێد بۆ رەواندنەوەی ئەو نائومێدیە، جەنابی بارزانی کە چووە سۆڤیەت بەو نییەتە چوو لەوێ بازنەی خەباتی باشوور و رۆژهەڵات پێکەوە گرێبداتەوە، بەڵام شانسی ئەو کاتێك چووە باکۆ ئەوکات باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجان بوو، باقرۆف زۆر دژی کورد و شەخسی بارزانی بووە**

**بیرکردنەوەی سەرەکیی بارزانی-ی نەمر تەنیا بیرکردنەوە بوو لەوەی کە چۆن هەموو کورد و کوردستانییەکان پێکەوە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی خەبات بکەن بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەنی کیانی خۆی و بە مافەکانی خۆی بگات**

جەمال عەبدولناسر کە بە رابەری هەموو نەتەوەی عەرەب دادەنرا، وەك هاوتای خۆی (واتە رابەری نەتەوەی کورد) پێشوازی لێدەکرد، لێرەدا دەمەوێت ئەو راستییە ئاشکرا بکەم، بە پێچەوانەوە دوای ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی گەڕایەوە دووبارە شکۆ بۆ پارتی گەڕایەوە، پێشتر ئاماژەم پێکرد خەریك بوو پارتی بکەنە لقێکی حزبی شیوعی، بارزانی ئەوانەی لابرد و برایم ئەحمەدی کرد بە سکرتێری پارتی، بەڵام ئەو کاتیش وەك ئێستا ئەو گرووپە پێیانوابوو ئەگەر مەلا مستەفا لە سەرۆکیی پارتی لابەرن، خۆیان دەبنە مەلا مستەفا، بەڵام دەرکەوت هەر کە دژی مەلا مستەفا راوەستان، ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەدەورەوە مایەوە، لێرەدا دەخوازم ئەوکات بە ئێستاوە گرێبدەمەوە، بێگومان کاك مسعود بارزانی پەروەردەکراوی بەردەستی بارزانی نەمرە، ئەویش هەتا ئێستا چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێشمەرگایەتی سەدان جار لە پۆستی سەرۆکی هەرێم لای گەورەترە، ئەمەشی چەندین جار سەلماندووە، بە درێژایی ژیانی هەر پێشمەرگە بووە و لە شۆڕشی گوڵاندا زۆربەی شەڕەکان خۆی سەرپەرشتی کردووە، لە داستانی خواکورکیش ماوەی زیاتر لە ٤٠ رۆژ خۆی بە بەردەوامی لەگەڵ پێشمەرگە لەناو شەڕەکە بووە، ئەوکات ئەگەر هۆیەکانی راگەیاندن وەك ئێستا بوونایە، هەر ئەوکات پێشمەرگایەتی کاك مسعود سەرنجی هەموو جیهانی رادەکێشا، لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش-یش کاك مسعود دیسان سەلماندیەوە هەر ئەو پێشمەرگەیەی کوردستانە، وەك دەبینین ئێستا پێشمەرگە بۆتە سیمبولی تێکشاندنی تیرۆریستانی و بەرگریکار لە بەها و کەرامەتی مرۆڤایەتی، بۆیە ئێستاش کە هەندێك پێیانوایە، یان وای پیشان دەدەن، سەرۆك مسعود بارزانی کە ئەم رۆڵە گرنگە دەگێڕێت لەبەر ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، من پێموایە ئەوە مسعود بارزانی-یە پێگەی سەرۆکی هەرێمی ئەوەندە گەورە کردووە، نەك پۆستی سەرۆکی هەرێم بێت شکۆی مسعود بارزانی گەورە کردبێت، لەسەر ئەم پرسە نموونەیەکی بەرچاومان هەیە، با سەیری پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق بکەین، کاتێك مام جەلال سەرۆك کۆمار بوو، چ پێگەیەکی هەبوو، ئێستا چ پێگەیەکی هەیە، لەگەڵ رێزی بێ پایانم بۆ د.فوئاد مەعسووم کە برادەرمە و خۆیشی ئەو راستییە باش دەزانێت. هەروەها زیاتر لە نیوسەدەیە لەگەڵ کاك مسعود بارزانی یەکتری دەناسین و کارمان کردووە و لە شوێنێکدا پێکەوەژیاوین، رۆژێك لە رۆژان نەمبیستووە چاوی لە پۆست بێت، تەنیا ئامانجی خزمەتی میللەتی کورد و کوردستان بووە وەك باوکی نەمری.

*** ئەی لە ئێستادا پێتوایە هۆکاری ئەو شەڕە چییە کە بە جەنابی سەرۆك بارزانی دەفرۆشن؟**

- پێش هەموو شت جەنابی سەرۆك بارزانی، چەندین جار خۆی رایگەیاندووە، فەرموو با حزبە سیاسییەکان کەسێك بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی دەور و تەسلیمی لەگەڵ بکات، یەك دوو هەفتەپێش ئێستا مەلا بەختیار بە راشکاوانە لەسەر یەکێك لە تەلەفزیۆنەکان گوتی هەتا ئێستا لایەنەکان کاندیدیان بۆ ئەو پۆستە نییە، جەنابی سەرۆك چەندین جار گوتوویەتی من رابردووی خۆم ناکەم بە قوربانیی پۆستێك، کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە مەسەلەی بیانووگرتن بە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم پێوەندی راستەوخۆی بە سەرۆك بارزانی-یەوە نییە، ئەو چاوەڕێی ئەوەیە حزبەکان لەناو خۆیان رێکبکەون، سەبارەت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیش، دیارە بۆ ئەو سەرۆکەیە کە دوای سەرۆك مسعود بارزانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم وەردەگرێت، ئەمەش واتە مەسەلەکە لەسەر ئەوە نییە دەسەڵاتەکان لای سەرۆك مسعود بارزانی بن، بەڵکو مەسەلەکە سیستمی سیاسیی ئەم وڵاتەیە، لە هەموو وڵاتێکیش بۆچوونی جیاواز لەسەر سیستمی سیاسی هەیە، هەر لایەنێکیش بەرگری لە بۆچوونەکەی خۆی دەکات، کەسیش ناتوانێت لەسەر سیستمی سیاسی بۆچوونی خۆی بەسەر کەسدا فەرز بکات، ئەگەر نەگەیشتنە رێککەوتن، ئەوا تەنیا لایەك بتوانێت ئەمە یەکلایی بکاتەوە، گەلی کوردستانە، پارتی بەم رێگەچارەیە رازییە و دەڵێت با ئەم کێشەیە میللەت یەکلایی بکاتەوە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، سەبارەت بە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ئەوجا ئەو سەرۆکە هەر کەسێك بێت، ئایا سەرۆکێك راستەوخۆ لەلایەن گەلەکەیەوە هەڵبژێردرێت و متمانە لە گەلەکەی وەربگرێت، نوێنەرایەتی تەواوی گەلەکەی دەکات، یان لەناو پەرلەمان کە ١٠٠ کەس بە سەفقەی سیاسی هەڵیبژێرن؟ لەمەش زیاتر لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠٪ی گەلی کوردستان بەشداری نەکردووە، بۆیە ئەگەر لەناو پەرلەمان سەرۆك لە

٧٠٪ دەنگەکانیش وەربگرێت، مانای ئەوەیە ئەم ڕێژەیە بریتی نییە لە نوێنەرایەتیی نیوەی خەڵکی کوردستانیش، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئێستا زۆربەی دەوڵەتان بێجگە لە ئەمریکا و فەرەنسا، پەنا بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك دەبەن، ئەوە تورکیا دراوسێی خۆمانە وازی لەو شێوازە هێناوە کە سەرۆك لەناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و شێوازی ڕاستەوخۆ پیادە دەکەن، لە زۆر شوێنی دیکەش وەك ئێران و میسریش هەمان شێواز پیادە دەکەن.

*** لایەنێکی دیکە کە لەم دیدارە دەخوازم ئاماژەی پێبکەم، شێوازی ڕێزگرتنی مەلا مستەفا بارزانی-یە لە سەرکردەکانی پێش خۆی، ئایا چۆن ڕێزی سەرکردەکانی پێش خۆی دەگرت؟**

- مەلا مستەفا هەمیشە ستایشی ڕۆڵی سەرکردەکانی پێش خۆی دەکرد، تەنانەت ئەگەر هەڵەشیان هەبوبێت ڕێگەی نەدەدا باس بکرێت، ئەو پێیوابوو ئەوە پەیوەستە بەسەردەمی خۆیەوە، من نموونەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە، جارێکیان یەکێك لە هەڤاڵەکانی بارزانی نەمر بە «پێشەوا» بانگی کرد، جەنابی بارزانی لەوە زۆر توورە بوو، وتی: ئێمە یەك پێشەوامان هەبووە، ئەویش قازی محەمەد-ە، هەروەها زۆر جار شێخ بابەعەلی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید سەردانی جەنابی بارزانی دەکرد، قەت جەنابی بارزانی پێشی نەدەکەوت، دەیگوت ئەو کوڕی شێخ مەحموودە، بەڵێ بارزانی بەمجۆرە ستایشی سەرکردە و نەوەی سەرکردەکانی پێش خۆی دەکرد.

*** جەنابت باسی پێشەوات کرد، هەر سەبارەت بە پێشەوا ئایا پێشەوا چۆن ئاڵای کوردستانی تەسلیمی کوردستان کرد، مەبەستی پێشەوا لە پێدانی ئەو ئامانەتە بە بارزانی چی بوو؟**

- لەسەر ئەم پرسە بەسەرهاتێکی خۆمم هەیە، لە ساڵی ١٩٥٨ من لە لەندەن بووم، کۆمەڵەی خویندکارانی کورد کە تازە دامەزرابوون لە میونشن کۆنگرەیان هەبوو، منیش بە سەردان چووبووم، بەڵام ئەندامی کۆنگرە نەبووم، لەوێ عەلی قازی محەمەدم بینی، ئەو ئەندامی کۆنگرەکە بوو، دوای قسەکردن پێی گوتم دایکیشم هاتووە بۆ ئێرە، منیش وتم وەڵا زۆر حەزدەکەم بچمە خزمەتی، ئەوە بوو ڕۆژی دوایی لەگەڵ سەعدی برام و مەحمودی مام کانەبی و عەلی قازی کە ناسراوە بە کوڕی ڕەش پێکەوە سەردانی خاتوونی قازی محەمەد-مان کرد، کاتێك زانی ئێمە کوردی باشوورین، ئەمەی بۆ باسکردین و گوتی: (بارزانی و هەڤاڵەکانی بەرگرییەکی قارەمانەیان لەکۆماری کوردستان کرد، بەڵام دوای ئەوە بارزانی هاتە لای قازی محەمەد و پێی گوت: خۆت تەسلیم مەکە و لەگەڵ من وەرە، هەتا من مابم پارێزگاریت لێدەکەم، بەڵام قازی محەمەد پێی گوت بەڵێنیان پێداوم و دوای ئەوەش نامەوێت گەلەکەم بەجێبهێڵم. لەبەرامبەردا بارزانی پێی گوت: بە بەڵێنی ئەوان بڕوا مەکە، بارزانی زۆر هەوڵی لەگەڵ قازی دا کە خۆی تەسلیم نەکات، بەڵام قازی ئاڵایەکی کوردستانی هێنا و دایە دەستی بارزانی و پێی گوت، ئەمەم بۆ بپارێزە و بڕۆ، پێش ئەوەی سوپای ئێران بگەنە ئێرە، ئینجا دوای ئەوە قازی و بارزانی باوەشیان کرد بەیەکدا و دوعاخوازییان لەیەکتری کرد). ئەمەش مانا و مەغزای ئەوەیە کە قازی محەمەد دوای خۆی پاراستنی کوردستانی گەورەی بە جەنابی مەلا مستەفا سپاردووە. ئەم قسانەی خاتوونیش کە بۆی کردین پێش ئەوە بوو کە بارزانی لە سۆڤیەت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان ئەمجارەیان ڕەخنەگرتن بێت لە پارتی، ئایا دوای زیاتر لە نیو سەدە خەباتی بێوچان بۆ کوردستان لە ڕیزەکانی پارتیدا، هیچ ڕەخنەیەکت لە ئێستای پارتی هەیە؟**

- ڕەخنەکانی من لە پارتی لە ڕوانگەی ئەو شێواز و ڕەفتارە بەرزانەوەیە کە خۆم لە جەنابی بارزانی نەمرم بینیوە، لە سەردەمی مەلا مستەفادا خەڵك و پارتی زۆر نزیك بوون، هەروەها بەرژەوەندی تایبەتی تێکەڵاوی خەبات و کوردایەتی نەدەکرا، بەڵام بەداخەوە ئێستا هەست دەکەم هەندێك دووری لە نێوان خەڵك و پارتی هەیە، هەروەها بەشێك لە بەرپرسەکان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێکەڵاوی خەبات و کوردایەتی کردووە، بۆیە ئومێدەوارم ئەو کەلینەی نێوان خەڵك و پارتی نەمێنێت و کادرانی پارتی زیاتر تێکەڵاوی خەڵك بن و گوێ لە خەڵك بگرن، هەروەها هیوادارم کە ئەو بەرپرسانەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێکەڵاوی خەبات کردووە، لە یەکتری جیابکەنەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز بارزانی نەمر ڕیگەی نەداوە بەرژەوەندی تایبەتی تێکەڵاوی بەرژەوەندی گشتی و خەبات و کوردایەتی بکرێت. ئومێدیشم هەیە لێپرسینەوەی زیاتر هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەی هەیە.

**لەساڵی ١٩٤٦ جەنابی بارزانی بیری لەوە کردەوە کە حزبێکی سیاسی لە باشوور دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان و سەرۆک هۆز و کەسایەتییە سیاسییەکان کۆبکاتەوە و ئەم حزبە ببێتە فاکتەرێک بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کورد لە ژێر یەک ڕەشماڵدا**

**لەو یەک دوو ساڵەدا کە شەڕی دووەمی جیهانی لەئارادا بوو، حکومەتی عێراق وای پیشاندەدا کە بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ شۆڕشی بارزان ڕازییە، بەڵام پاش ئەوەی لە ١٩٤٥ شەڕی دووەمی جیهانی کۆتایی هات و دیسان شەڕ لە نێوان شۆڕش و حکومەت دەستی پێکردەوە، ئەو ئەفسەرانە چوونە ناو شۆڕش، لەم کاتەشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مهاباد کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاندبوو، بۆیە بارزانی و هەڤاڵەکانی بڕیاریاندا بچن بە هانای کۆماری کوردستانەوە و بوونە هێزی سەرەکیی پاراستنی ئەو کۆمارە**



# (١٦)ی ئاب

## ئەستێرەگەشە پشکووت



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

دەورانێ بوو، ساڵەهای ساڵێ، هەر دەتگووت ڕەوڕەوەی ڕەوتی کاروانەکەمان، لە چەقی قوڕاوێکی بێ ئامان داچەقیوە و گیری خواردووە و بزواندنی چۆتە قولەی قاف و نەهات و مەحاڵەوە.

هەر دەتگوت گەردوون پەرێشان حاڵەو کەنەفتی سای ترازانێ بووە، ئیدی چەرخی گەڕ ناخوات و چوون دەروازەیەکی شەق و شڕ لە گرێژنە دەرچووە.

ڕێبوارانی کاروانەکەمان، هەر دەیانگێڕایەوە: هەمووان پەرۆشی ڕێکردن بوون، هەموان چاویان لە گومەزەی بێ کۆتایی ئاسمان بڕیبوو، گەورە و بچوک چاوانیان لە قووڵایی ئاسۆکاندا نقوم کردبوو.

ریش چەرمووکان وێردی باوانیان، لەگەڵ ڕەحمەت لێبوونیان دەگووتەوە: کاروان مەحاڵە هەنگاوێ بەبێ ڕێنمای ئەستێرەکان هەڵبهێنێتەوە، ئەستێرەکان دووربین و ڕێبینن. چاوساغی کاروانان بووە، گەلۆ نزای خێر بکەن، بەڵکە یەزدان ئاسمانمان بە ئەستێرەکان چراخان بکات، ئەودەمە، ئەوە حەوتەوانە، ئاوێزە، گەلاوێژ، کاروان کوژە، بەیانە ئەستێرە، ئەستێرەگەشە، ئەودەمە نەك بە تەنها بەری پێشمان، بگرە بە درێژای ڕێگاکە، تا دەستەو ملانێ هەوار دەبین و، خودا یاربێ بە بۆ و بەرامەی خاکی سەرفرازیمان شاد و شوکور دەبینەوە.



ئەوا بێ ئەستێرەیی کارێکی ئەوتۆی کردووە، لە ناو شەوەزەنگی ئەنگوستەچاودا نەك هەر ناتوانین ڕێگا ببینینەوە، بەڵکو ڕاست و چەپ و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش نابینینەوە، کاری قیبلەنیماش لەکارکەوتووە.

دیارە ئەهریمەنی ئاشووب بە جۆرێ دەستی ناوەتە بینە قاقای زەینی ڕێگا بیننەوە، بگرە بۆ ڕێگرتن لە کاروانەکەمان، هەر لەتەك چاوم هەڵهێنان یەکەم تەزولەی ڕوناکی بەر لە گزنك پەخشانکردن، دێوی ڕەش و بۆر و سپی و حەوت سەرو ڕەوە گورگی چاو سووری خوێنین و برسی بە درێژایی ئاقارەکان بەشەپول و لوورە لوور دەهاتن و دەچوون.

مێروولەی مێروولەئاساش نەیئەتوانی سەردەرکاو بزوێ، خودایە دەروی میهر و نەواتمان بە ڕووماندا واڵابکە... ئامین خوودایە هەزار جار ئامین.

دەنگێکی ئەوتۆ لەو دیو پەردەکانی نادیارییەوە چریکەی هات لە دەنگە زەنگییا سۆزی دەنگەکەی داوود پێغەمبەر بوو، هەموو دنیا لە عرزەتا بووبووە تەنها گوێیەکی پەرۆشی بیستن.

بۆ چەند ساتێ دەنگی لێدانی دڵانیش نەدەبیستران.. فەرمووی: کوردینە ئاهونزولەتان گیرا دەبێ و چاوەڕوان بن، چاوەڕوانی لە ناو سۆزەی تەهلیلە وئەڵلاهوئەکبەردا ئاوێتە بوو... ئەڵقەی کۆڕی ئاوات و ئەڤین هێندە گەرم بوو، لەو ئاقارانەوە بۆ کروزی پەراسوی گرتێبەربووی، حەوت قۆناغ دەچوو، داروبەرد خۆی پێنەدەگیراو دەهاتنە جومبوش،

سەمای عەرد و ئاسمان بوو... گەلۆ هاوارە بڕوانن:

ساڵەهای ساڵ بوو
دەلی لێ لێ، دەلۆ لۆ لۆ...
زۆر لە مێژە
ڕستە ئەستێرەی گەردنی ئاسمان
ڕەواوەتەوە و مروارییەکانی بێ سۆراغن
کەس نازانێ کوێوە چوون
بۆتە داغ و جەرگ دەسووتێ
دڵ لە سینەدا هەڵدە قرچێ
ئەوە شەرای سۆزەی پەرۆشی یە
مانگ لەو دیوو شوراکانی نەبووندایەو
هەرچەندە خۆی رادەپسکێنێ و قەستیتی
ئەڵقەی زنجیرەی پۆلاینی پێ کۆتکراوی ببسێنێ
دەیەوێ هەر چۆنێ بێ، بەنمە تریفەی چاوانی
دڵی ئەستێرەکان بداتەوە و ئاهێکی فێنك
بەناخ و دەروونیان بگەیەنێ...
بەڵکە بۆ ئەو وادەیە چاوکەنەوە
کە پێی دەگوترێ: (١٦)ی (ئاب)ی (٤٦)

***

خەڵکە ئێوە و خوداتان
تەماشاکەن:
کانیاوەکان، جۆگەلەکان، سەرایای دەریاچە و ڕووبارەکان...
تۆقرەیان لەبەر هەڵگیراوە و خۆ ناگرن
یەکانگیربوون، سەری شەپۆلی تۆڕ و تووڕەیان
گاشەبەردی کەنارەکان ووردوخاش دەکات
ئەسپێکی سەرشێتی هەڵشاخاوەو باڵی گرتووەو ناڵەکانی
چەخماخە دەدەن
ئاواتیەتی کاروانەکە ملی ڕێگا بگرێتەبەر
بۆ گەیشتن بەهەوارگە..ئەوا کێوانی سەخت دەبڕێ
بۆ ئەو ڕۆژەی وەکو جاران
بە لەنجەو لار ڕێگا ببڕێ
کە جاڕ بدرێ:
(١٦)ی (ئاب)ی (٤٦)ە
بەرەو ئاسۆی گوڵاڵە ڕەنگ ڕێگا ببڕێ
***
لە دوور و نزیك بڕوانن
لێی دەرمەکەن، مەیپەڕێنن
ئەوە شنەبایە، سۆزەی بەیان و سروەیە
باهۆزەکان، ڕەشەبا، زریان
گرژ و تووڕەن، چەپ و ڕاست و
ڕۆژهەڵات و، ڕۆژ ئاواشیان
وێڵ و بزر کردووە، ناپارێزن
چیا و دارستان ڕادەماڵن
نیازیان وایە هەموو دونیا تەیبکەن
هەناسەی سوارە و ناسرەوێ
گیڤەی هەنگاوەکانی دێ
بەرەو نادیارێ ملدەنێ
داخۆ لەکوێ لەنگەر دەگرێ
ئارام ناگرێ و مارخولانییە
بۆ ئەو ڕۆژە بە پەرۆشە
(١٦)ی (ئاب)ی (٤٦)ە
کە بارزانی نەمر ناوی زادەکەی لێنا
پارتی .. پارتی .. پارتی
***
تەماشاکەن، بە چاوی خۆتان ببینن
چیاکانی وڵاتەکەم
چۆن باوەشیان بەیەکداکرد
قەدیان لە یەکدی ئاڵاوە
گەردنیان سەر ئاسمان کەوت
تۆبڵێی حەشر و نەشربێ؟
وا جەجاڵە و ڕاپەڕیوە
ئەوا هەر هەڵدەکشێن
ئامان ئامان وا دیار نەمان
لە چڕی تاریکیەکەدا توانەوە
بوونە قوربانی ئەو ڕۆژە پیرۆزە
کورد ناوی پارتی تیادانا
(١٦)ی (ئاب)ی (٤٦)بوو
***
چی باڵندەی خودا هەیە
لە گەرمیان هەتا زۆزان
هەر هەموویان لە شەقەی باڵیاندا و فڕین
لە ساتێکدا، لە بازنەی ئاسمانێکدا
بوونە یەك باڵندەی ڕەنگین
دەنگێکی ئەوتۆی خۆشی بوو
بەرد بە سۆزی دەتوایەوە
فڕی فڕی، هەتا دەنگی
بێ لانەی و بێ نازیا
کپ و خنکاو نەما
ئەمیش چووە گەرووی ئەو شوێنەوە
کە چیا و دارستان و با و
تاڤگەی هەڵچووی ڕووبارەکان
لەو ئاستەدا لەنگەریان گرت
تیادا کۆڕیان بەست و
هەموان سەرهەڵگرتووی ئاواتێك بوون
سویندخواربوو نەیەنەوە
هەتا ئاسمانی ئەم خاکە
بە ئەستێرە نەڕژێتەوە
کاروان زایەڵەی زەنگی بێ و
بە هەواری هیوا شادبێ
بەر لەوەی شەو بەرووی ڕۆژدا بشەکێتەوە
ئاسمان بووە چراخانێ
بە شەوارە ئاوی چاوی دەفڕاند
ئەڵڵا بابی کوردان دەنگ دلێرە:
ئادەی گەلۆ: (شەوی سەرکەوتنە ئەمشەو)
(١٦)ی (ئاب)ەو ڕێگای سەرکەوتن والایە
***
هەر ئەو شەوە، بەر لە دەمەوە بەیان
ئاسمانە ئەستێرەیەك ژیا
گشتیان ئەستێرە گەشە بوون
کام ڕووناکییە پرتەوە
قوتیلە ڕۆن گەرچەکی بوو
دەنگی بانگ و زایەڵەی زەنگ
گوێی گەردوونی کەڕ کردبوو
هەموان لە دوای باوکە گەورەی ڕابەرەوە
سڵاوی نوێژیان دایەوە و پیرۆزیان کرد
(١٦)ی (ئاب)ی (٤٦)مان
ڕۆژی سەرهەڵدانی پارتی یە
ڕێبازەکەی بابی کوردان مستەفای بارزانی یە
***



**مامۆستا عەبدولڕەحمان تۆفیق**

**پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی هەواری زانکۆ لە سلێمانی:**

# قارەمانێتیی پێشمەرگە نەبوایە نە خاکمان دەما نە ئایینمان، بۆیە ئەگەر پشتگیرییان نەکەین خوا ریسوامان دەکات

**بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا گیانی خۆی خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی کوردستان پارێزراو بێت**

**مامۆستایانی ئایینی رۆڵی گرنگیان هەبوو لە رووبەڕووبوونەوەی هزری توندوتیژی داعش و پارێزگاریکردن لە خەڵکی کوردستان، هەرواش چاوەڕوان دەکرێت رۆڵیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەبێت. بەمەش مامۆستایان و زانایانی ئیسلامی سەرقاڵی گەڕانەوەی پێگەیانن لەپرسە نەتەوەییەکاندا کە بە درێژایی مێژوو لە هەموو شۆڕشێکدا لە پێشەوەی چین و توێژەکان بوون. ئەمڕۆ کە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و ئومێدی بوون بە دەوڵەت نزیکە، مامۆستایانی ئایینی داوادەکەن هەموو لایەن و پارتە سیاسییەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئەو خەونە گەورەیەی کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بن. سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مامۆستا عەبدولڕەحمان تۆفیق پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی هەواری زانکۆ لە سلێمانی کرد کە شارەزایی لە هزری ئیسلامیدا هەیە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ئێستا دەبینین کوردستان ناو و پێگەیەکی لەجیهاندا هەیە، بەتایبەتی کە نوێنەری ئەو هەموو وڵاتانە دێنە کوردستان و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازییان لێدەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کورد ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە کە پشتگیری نێودەوڵەتی نەبێت، ئایا چەند گرنگە لە رێگەی ئێوەوە خەڵکی کوردستان بەم راستییانە ئاشنا بکرێن؟**

- ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە پرسی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە هەیە و ماوەی ٧٠ ساڵە خەبات و قوربانی دەدەین بۆ کوردایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. منیش و زۆربەی مامۆستایانی ئایینی لە گوتاری رۆژی هەینیماندا زۆر بایەخ بە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەدەین و ئەم بایەخدانەشمان بە رادەیەکە کە زۆر کەم هەیە لە وتارەکانماندا ئاماژە بەم پرسە گرنگە نەکەین. من لەو باوەڕەدام میللەتی ئێمە ئەگەر موجازەفەش بکات لەسەر ئەم پرسە سوورە و دەوڵەتی سەربەخۆ رادەگەیەنێت، ئێستا باشووری کوردستان لە چاوەڕوانی ئەو هەنگاوە مێژووییەدایە، تەنانەت جێگای ئومێدی کوردەکانی رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاواشە، لە رووی نێودەوڵەتیشەوە پشتگیرییەکی بەرچاومان هەیە، بۆیە پشتیوان بەخوا رادەگەیەندرێت و دەرئەنجامێکی باشی دەبێت.

*** لەئێستادا کوردستان لەلایەك بەرەو قۆناخێکی مەترسیدار هەنگاو هەڵدەگرێت، لەهەمان کاتیشدا بەرەو ئایندەیەکی ئومێدبەخش دەڕوات، کە ئومێد ئەوەیە بەرەو سەربەخۆیی و سەرفرازی بچین، ئایا تاچەند گرنگە پیاوانی ئایینی لەم پرۆسەیەدا رۆڵی پێشەنگ بگێڕن بۆ ئەوەی خەڵکی بە شێوەیەکی فراوان لەم پرۆسەیە بەشداری بکات؟**

- بەدرێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، بە بەردەوام مامۆستایانی ئایینی هەموو چین و توێژێکی هۆشیار کردۆتەوە و جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کورد مافی خۆیەتی بەرەو سەربەخۆیی و سەرفرازی بچێت، خۆشبەختانە تاکی کورد بەگشتی تاکێکی هۆشیارە لەناو هەموو ماڵێکی کوردا لە کۆن و نوێدا باسی سیاسەت کراوە، کورد بەپێکهاتە خۆڕسکەکەی سیاسەت دەکات، لەبەر ئەوەی کەوتووینەتە بەر ململانێی شارستانییەکان و جیهانەوە، بۆ نموونە رۆمەکان و بیزەنتیەکان، فارسەکان و رۆمەکان و دەوڵەتی ئیسلام و ئێرانی ئەوسا و چەندین شارستانی و ئیمپراتۆریەتی دیکە کە وایانکردووە کورد لەناو جەرگی ئەو ململانێیانە بووە، هەروەها نزیکبوونمان لە ئەورووپاوە بەتایبەتی کوردستانی باکوور کە وایانکردووە کورد پێگەیەکی گرنگی جوگرافیاشمان هەبێت، لەبەر ئەوە هەمیشە هەموو پرۆسەیەك مەترسیی خۆی هەبووە، بەڵام هەروەکو چۆن نوێژەکان و نوێژی هەینی و رەمەزان فەرزی عەینە و پێویستە هەموو موسڵمانێك بیکات، هەرواش پێویستە بە هەموومان بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی و پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتەکان و شێخانی تەریقەت و هەموو ئەوانەی خەڵکی گوێیان لێدەگرێت، باسی هوشیاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان بکەن، بەتایبەتی لە مزگەوتەکان کە زۆربەی خەڵکی ئێمە سوپاس بۆ خودا موسڵمانە و رووی تێدەکەن، زۆر تکایان لێدەکەین کە بەردەوام خەڵکی فێری کوردایەتی و خەمی بوون بەدەوڵەت بکەن. جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە مردن باشترە بۆ گەلێك کە هێشتا سەربەخۆ نییە و لەگەلانی دنیا دواکەوتبێت. ئێمە لەسەردەمی سەفەوییەکانەوە دابەش بووین، کاتێك شیعەی ئێران و سوننەی عوسمانی لە تورکیا بووە بە شەڕیان ململانێکەیان لە هەرێمی کوردستان بووە و خاکەکەمانیان کردووە بە دوو بەشەوە و بە درێژایی ئاوی سیروان سنووریان جیاکردۆتەوە. بۆیە سەدان ساڵە ئێمە خەبات بۆ دەوڵەت دەکەین، دەیان کارەساتی

**میللەتی ئێمە ئەگەر موجازەفەش بکات لەسەر ئەم پرسە سوورە و دەوڵەتی سەربەخۆ رادەگەیەنێت، ئێستا باشووری کوردستان لە چاوەڕوانی ئەو هەنگاوە مێژووییەدایە، تەنانەت جێگای ئومێدی کوردەکانی رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاواشە، لە رووی نێودەوڵەتییشەوە پشتگیرییەکی بەرچاومان هەیە**

**هەروەکو چۆن نوێژەکان و نوێژی هەینی و رەمەزان فەرزی عەینە و پێویستە هەموو موسڵمانێک بیکات، هەرواش پێویستە بە هەموومان بەتایبەتی مامۆستایانی ئایینی و پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتەکان و شێخانی تەریقەت و هەموو ئەوانەی خەڵکی گوێیان لێدەگرێت، باسی هوشیاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان بکەن**

گەورەی وەك ئەنفال و كیمیابارانمان بەسەردا هاتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی كورد بووین و نابێت خوێنی ئەو قوربانییانە بە فیرۆبچێت و پێویستە سەربەخۆبین و بەردەوام یادی قوربانییەكانمان بكرێنەوە و رێزیان لێبگرین، ئێستاش دوای ئەو هەموو نەهامەتییە گەورەیە، هەر خاوەنی ئیرادەیەكی گەورەین و ئەوەتا لەبەردەم گەورەترین دەوڵەتی داعش راوەستاوین و بەرامبەر هەر دەوڵەت و سوپایەكی تریش دەوەستینەوە كە بێڕێزی بەرامبەر میللەتەكەمان و پیرۆزییەكانی بكات، میللەتی كورد ئامادەیە سنگی دەخاتە بەردەم گوللەی دوژمنان و دەبێتە قەڵغان بۆ ئەوەی وڵاتەكەمان و میللەتەكەمان بە خۆشی و شادی بژی، هەر بە هۆی سەركەوتنەكانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش پێگەی كورد قورستر بووە و شاند و كەسایەتی و سەركردەكانی جیهان زیاتر روویان لە هەرێمی كوردستان كردووە و بارودۆخەكە زیاتر لەبارە تەنانەت دوژمنەكانمان لە عێراق و وڵاتانی دیكەی ناوچەكە لاواز بوون، هەر بۆیە پێویستە هەنگاوەكانی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی خێراتر بكرێت، بڕوا بكەن زۆرجار بەرپرسان و كەسایەتییە جیهانییەكان وا بە بەرزی و گرنگی باسی پێشمەرگە دەكەن كە جێگای سەربەرزی ئێمەیە. هاتنە سەرخەتی جیهان و كاركردنی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەو ئاراستەیە جێگای رێز و تەقدیرە. رەنگە زۆرجار بپرسین بارزانی چۆن مەجالی پشوودانی هەیە لە پێشوازیی شاند و وەزیری بەرگری و ژەنەراڵە سەربازییەكان و سەركردەی وڵاتانەوە بۆ سەنگەرەكانی پێشەوەی پێشمەرگە، ئومێدیشمان زۆرە مەسەلەی ئاشتی و رێكخستنەوەی ناوماڵی كورد هەنگاوی زیاتری بۆ بنرێت و دامودەزگاكانی پەرلەمان رێكبخرێتەوە، ئەمانە هەمووی بەیەكەوە هەنگاوی بۆ بنرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی زیاتر بچێتە پێشەوە.

*** لە ئێستادا یەكڕیزی و یەكهەڵوێستی گەلی كوردستان بۆ بڕیاری چارەنووسساز زۆر گرنگە، بەڵام هەندێك لایەنی سیاسی لەكاتێكدا ئەم دەرفەتە مێژووییە هاتۆتەپێشەوە، كەچی خەڵكی سارد دەكەنەوە بەوەی كاتی سەربەخۆیی نییە، ئەگەر كاتی سەربەخۆیی نەبێت، كاتی ژێر دەستەییش نییە؛ ئایا تاچەند گرنگە هەموو هەوڵەكان بۆ یەكڕیزی نێوماڵی كوردستان بخرێتەگەڕ؟**

- رەنگە ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی كە دەڵێن جارێ كاتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نییە، بۆچوونی خۆیان لەمبارەیەوە هەبێت؛ باسكردنی برسێتی خەڵك و ماندووبوون و قەیرانی دارایی و دۆخە ناسەقامگیرەكەی ناوخۆ بهێنرێتە پێشەوە، لەكاتێكدا بەپێچەوانەوە ئێستا هەلومەرجێكی باشە بۆ ئەوەی هەموو ئەو بارودۆخە تێپەڕێنین و لە مەسەلەی بەدەوڵەتبوون یەكهەڵوێست بین، مەسەلەی جیابوونەوە لە عێراق و مانەوە لەناو ئەو دەوڵەتەی بە زۆر پێوەی لكاوین، با بۆ ئیرادەی خەڵكی بەجێبهێڵین كە بە تەئكید هەر دەوڵەتی سەربەخۆیان دەوێت، چونكە باوك و باپیرانیان سەدەیەكە بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە تێدەكۆشن. شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و تا ئێستاش كە ئەم كوردە خوێنی دەڕێژێت لەم پێناوەدا بووە، ئێستاش كە خاوەنی ئەو هەموو سیاسییەین، دەبوایە نەك بۆ دەوڵەت تێبكۆشین، بۆ ئیمپراتۆریەتێك تێبكۆشین، واتا هەر دەبێت دەوڵەتی كوردستان رابگەیەندرێت.

*** مامۆستایانی ئایینی بە درێژایی مێژوو رۆڵی كاریگەریان هەبووە لە پشتگیریكردنی هێزی پێشمەرگە و هاندانیان بۆ بەرگری لەكوردستان، لە ئێستاشدا پێشمەرگە زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەتری بەرەی شەڕی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە، ئایا تاچەند ئێستا بەرگری پێشمەرگە لەكوردستان جێگەی بایەخی ئێوە بووە؟**

- پێشمەرگە لای ئێمەی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، واتا بوونی ئێمە و مانەوەی ئایینی ئێمە، ئاسایش و خۆشییەكانی گەلەكەمان لەسایەی ئەواندایە، واتا پێشمەرگە بریتییە لە ژیانی نەتەوەی كورد، بەدەگمەن پێشنوێژ و وتارخوێنێك هەبێت دوعای بۆ پێشمەرگە نەكردبێت، هەر كەسێكیش نەیكردبێت، جێگای سەرنج و لێپرسینەوەیە. بە بەردەوامی دەیان مامۆستا و زانای ئایینی ئیسلام لە بەرەكانی شەڕ پێشنوێژییان كردووە و لە رەمەزان و بۆنەكاندا سەردانی سەنگەرەكانی پێشەوەی شەڕیان كردووە و دوعایان بۆ پێشمەرگە كردووە، تەنانەت پیتاكمان بۆ پێشمەرگە كۆكردۆتەوە و لە بەرنامەكاندا پێوەندییان پێوەكردووین و هانمان داون بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركە پیرۆزە، زۆر جار لە خۆشەویستی پێشمەرگەدا وتارەكانمان بووە بە وتاری تایبەت بە پێشمەرگە. سەیركەن شەڕی داعش بەو جۆرەیە بچێتە هەر شارێك كاولی دەكات و هەرهەمووی دەڕووخێت و دەسووتێت و تاڵان و وێران دەكرێت ئەممەمان لە كۆبانی و شنگال و رومادی

**دەیان كارەساتی گەورەی وەک ئەنفال و كیمیابارانمان بەسەردا هاتووە، تەنیا لەبەر ئەوەی كورد بووین و نابێت خوێنی ئەو قوربانییانە بە فیرۆبچێت و پێویستە سەربەخۆبین و بەردەوام یادی قوربانییەكانمان بكرێنەوە و رێزیان لێبگرین**

**بە هۆی سەركەوتنەكانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش پێگەی كورد قورستر بووە و شاند و كەسایەتی و سەركردەكانی جیهان زیاتر روویان لە هەرێمی كوردستان كردووە و بارودۆخەكە زیاتر لەبارە تەنانەت دوژمنەكانمان لە عێراق و وڵاتانی دیكەی ناوچەكە لاواز بوون، هەر بۆیە پێویستە هەنگاوەكانی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی خێراتر بكرێت**

**دوای ئەو هەموو نەهامەتییە گەورەیە، هەر خاوەنی ئیرادەیەكی گەورەین و ئەوەتا لەبەردەم گەورەترین دەوڵەتی داعش راوەستاوین و بەرامبەر هەر دەوڵەت و سوپایەكی تریش دەوەستینەوە كە بێڕێزی بەرامبەر میللەتەكەمان و پیرۆزییەكانی بكات**

و تکریت و فەلوجە بینی، پێشمەرگە ڕێگەی لەو هەموو دز و تالانچی و پیاوکوژ و ژنرفێن و نامووس پیسانە گرتووە، وەلاهی داعش بگەیشتایەتە کوردستان نە ئایین و نە ویژدان و نە مرۆڤایەتی نەدەما، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، شەو و ڕۆژ پشتگیری برا پێشمەرگەکان بکەین و ئەگەر لەگەڵ ئازاری ماڵە شەهیدەکانی پێشمەرگە و منداڵەکانیان نەبین، خودا ریسوامان دەکات.

*** دەتوانین لە ڕووی ئایینییەوە بڵێین داعش شەڕی بە گەلێکی موسڵمان فرۆشتووە و کافرە؟**

- من پێڵاوی کافرێکی باش کە بۆ گەلەکەم باش بێت، ناگۆڕمەوە بە ئیسلامێك کە زیانی بۆ گەلەکەم هەبێت و هەڕەشەی لەناوبردن و دەستدرێژی بۆ کەرامەتمان بکات. زانایان لە مێژوودا وتوویانە لە زەمانی جەلالەدینی ڕۆمی و دەیان زانای گەورەی تری ئیسلام ئەم قسەیەیان لێ نەقڵ کراوە (خوای گەورە دەوڵەتی عەدالەت ڕاگیردەکات، با کافیریش بێت، دەوڵەتی ستەمکار ڕاگیر ناکات و لەناوی دەبات، با ئیسلامیش بێت)، من دراوسێیەکی کافری باشم هەبێت لەگەڵ موسڵمانێکی زیانمەندا کامیان باشترە؟ هەر لای خوا و خۆشم ئەمجۆرە کافرە چاکترە، من خۆم لە وتاری هەینیدا لە گەرمەی شەڕی داعشدا وتم بەرماڵی بەسەر ئاودا بگەڕێ و پێنج فەرزە نوێژ لە مزگەوت بکات و دوانزدە مانگە بەڕۆژوو بێت، کە هاتە سەر خاکەکەم دەیکوژم، ئەمە خوا فەرموویەتی: (فمن اعتدی علیکم فاعتدوا علیه بمثل ما اعتدی علیکم) ئەو دێت تالانت دەکات و دەتکوژێت و نامووسمان دەبات، من چۆن نایکوژم و چاوی دەرناهێنم و نایتۆقێنم (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخیل ترهبون به عدو الله وعدوکم)، خوای گەورە کە ئەمە دەفەرموێت بۆ ئەم کاتەیە، داعش نازانێت بۆ کێ شەڕ دەکات و بۆچی دەیکات، ئەو بەچکە موسڵمانە سەرلێشێواوەی لەناو داعشدایە بەکرێگیراوە و بۆ خەڵکی بیانی شەڕدەکات و بەکریگیراوی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتە و دەیان وڵات پشتگیری ئەو گروزوپە تیرۆریستە سەرلێشێواوە دەکەن و بەکاری دەهێنن، ئێمە دەبێت بزانین ئەم داعشە فیتنەیەکی جیهانییە، چەندین ملیۆن کەسی ستەملێکراوی هەرێمی کوردستانین کە هێرشمان دەکەنە سەر و زیانمان پێ دەگەیەنن و ئومێدی سەدان ساڵەمان لەناو دەبەن، چون ڕووبەڕوویان نەبینەوە؟ سوپاس بۆ خودا پێشمەرگە بوو بەو هێزە ئازا و قارەمانەی کە لە بری جیهان شەڕی کردو سەرکەوت و ناوبانگی خۆی و هەموو هەرێمەکەی بەرزکردەوە. من لێدوانی ئەو پێشمەرگەیەم لەبیر ناچێتەوە کە وتی داعش ئەگەر پیاوە با لەپشتەوە خەنجەرم لێنەدات و بێت بە هەمان چەکی من لەپێشەوە ڕووبەڕووم ببێتەوە، بەپێچەوانەی هێزەکانی تری عێراق کە ئەو هەموو چەك و جبەخانەیەیان بەجێهێشت و هەموومان بینیمان حەشدی شەعبی گوندی بەشیری بۆ نەگیرایەوە تا پێشمەرگە نەجوولا. ئەگەر کابرا لەناو داعش بەرگی کەعبەی لەخۆی بێچابێت و کوڕی شەریفی مەکە بێت، زوڵم لێ بکات، ناوچاوی خوێناوی دەکەم، داعش پرۆژەیەکە هەموو دینێکی تێدایە و گەمەیەکی جیهانییە لەم ناوچەیەدا دەبێت زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ببینەوە. ئەمە بۆچوونی سەدان مامۆستا و زانای موسڵمانی کوردە.

*** بوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە چ ڕۆڵێکی هەبوو لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و ئایا ئێوە وەکو مامۆستایانی ئایینی ئەم ڕۆڵەی بەرێزیان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ڕۆڵی جەنابی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دیار و لەبەرچاوە. وەکو مامۆستایەکی ئایینی ئەو ڕۆڵەی بەرز دەنرخێنم، سەرکەوتنەکانی ڕزگارکردنی شەنگال و بوونی لە شەڕەکانی ناوەران و مەخموورو خازر و کەرکووك و زۆر ناوچەی تری شەڕ بەشێوەیەك بوو لە زاری هەندێك لەو سەرکردە سیاسییانە بیستم کە سەردانی بەڕێزیان کرد لە بەرەکانی شەڕ وتیان پێمان وتووە کاکە تۆ لەم نزیکانەی شەڕ مەترسیت دەکەوێتەسەر و ماندوویت، بە ڕاستی ئەمە هیمەتێکی گەورەیە و ئەمە ڕاستە، هەڵە ئەوەیە براگەورە لەئاسمان بێت و خەڵکە هەژار و بەشمەینەتیەکەش لەخاکدا بێت. هەڵە ئەوەیە ئەوان لە ئاسماندا بن و خەڵك لە ڕێسماندا بن، ئەگەر هەر کاتێك سەرکردەکانمان لە پێشەوە بوون، میللەتیش دوایان دەکەوێت، ئەمە کارێکی گەورە و ئیشێکی باشە مەسەلەی بەرگریکردن لە کوردستان و خەمخواردنی کارێکی گەورەیە هەرکەسێك بیکات، دەینرخێنین و جێگای دەستخۆشی و شانازیشە، ئومێدمان وایە هەمان ڕۆڵیش لە ئاشتەوایی و یەکخستنی نێوماڵی کورد ببینێت. بۆ ئەوەی یەکڕیز بین و ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین.

**پێڵاوی کافرێکی باش کە بۆ گەلەکەم باش بێت، ناگۆڕمەوە بە ئیسلامێک کە زیانی بۆ گەلەکەم هەبێت و هەڕەشەی لەناوبردن و دەستدرێژی بۆ کەرامەتمان بکات**

**مەسەلەی جیابوونەوە لە عێراق و مانەوە لەناو ئەو دەوڵەتەی بە زۆر پێوەی لکاوین، با بۆ ئیرادەی خەڵکی بەجێبهێڵین کە بە تەئکید هەر دەوڵەتی سەربەخۆیان دەوێت**

**پێشمەرگە لای ئێمەی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام، واتا بوونی ئێمە و مانەوەی ئایینی ئێمە، ئاسایش و خۆشییەکانی گەلەکەمان لەسایەی ئەواندایە، واتا پێشمەرگە بریتییە لە ژیانی نەتەوەی کورد، بەدەگمەن پێشنوێژ و وتارخوێنێک هەبێت دوعای بۆ پێشمەرگە نەکردبێت**



### سەردار شێخ یەحیا قایمقامی شێخان بۆ (گوڵان):

# پێویستە ناوچە ئازادکراوەکان ئاوەدان بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە

## لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵدا پێشبینیی هاتنی ٣٠ هەزار ئاوارەی دیکە بۆ شێخان دەکەین

قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆك، ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی لەخۆگرتووە و لە ئامادەکاریدایە بۆ پێشوازیکردن و نیشتەجێکردنی شەپۆلێکی دیکەی ئاوارە بەهۆی شەڕی رزگارکردنی موسڵەوە. بۆ قسەکردن لەسەر تەحەددییەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان و تاوتوێکردنی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سەردار شێخ یەحیا، قایمقامی قەزای شێخان ئەنجامدا، کە لە چەند تەوەرێکدا را و سەرنجەکانی دەخەینەڕوو.

**• قەزای شێخان ٦٠ هەزار ئاوارە لەخۆدەگرێت و پێشبینی دەکرێت ٣٠ ئاوارەی دیکە رووی تێبکات**

سەردار شێخ یەحیا، قایمقامی قەزای شێخان سەرەتا سەبارەت بە چۆنیەتی نیشتەجێکردنی ئاوارەکان و پێشبینییەکانی بۆ ئەو ئاوارانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا رووبکەنە قەزاکە وتی: «ژمارەی دانیشتووانی قەزای شێخان بەهەر ٥ ناحیەکە و ١٧٥ گوندەکەیەوە ١٨٠ هەزار کەسن، بێجگە لەوان نزیکەی ٦٠ هەزار ئاوارە و ١٠٠٠ پەناهەندەی کوردانی باکوور و رۆژهەڵاتیش لەم قەزایەدا نیشتەجێن، لە سنووری شێخانیشدا چوار کامپ بۆ ئاوارەکان کراوەتەوە کە نزیکەی ٤٠٪ی ئاوارەکان لەناو کەمپەکاندان و ٦٠٪یشیان لە دەرەوەی کەمپەکان نیشتەجێن. کەمپەکانیش بریتین لە کامپی ئیسیان و گەرماوە و مام رەشان و شێخان و لالش، حاڵی حازر کار بۆ دروستکردنی کامپی زێلکانیش دەکرێت کە توانای ئەوەی هەیە لە قۆناخی یەکەمدا ٣ هەزار خێزان لە خۆبگرێت و لە قۆناخی دووەمدا فراوانتر دەکرێت بۆ ئەوەی ٣ هەزار خێزانی دیکەی تێدا نیشتەجێ بکرێت. هەروەها پێوەندیمان پێوەکراوە بۆ ئەوەی کامپێکی دیکەش دروست بکرێت لە سنووری قەزای شێخان کە پێمان باشە ئەو کامپەش هەر لە سنووری زێلکان دروست بکرێت. کەواتە لەبەر نزیکیی قەزای شێخان لە موسڵەوە کە وادەکات ببێتە نزیکترین خاڵ بۆ گەیاندنی ئاوارەکان، هەروەها لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئیدارە لەو ناوچەیەوە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لەنێوان خەڵکی ئەم ناوچەیەدا دروست ببێت، ئەوا پێشبینی دەکرێت ئاوارەکان زۆرتر روو لەم قەزایە بکەن. کەواتە چاوەڕوان دەکرێت ٣٠ هەزار ئاوارەی دیکە- جگە لەو ٦٠ هەزارەی ئێستا لە قەزاکەدا نیشتەجێن- رووبکەنە شێخان کە پێشبینی دەکرێت لە سەدا ٩٩ی ئەو کەسانەی ئاوارە دەبن لە نەتەوەی عەرەب بن.»

**• پێشوازیکردن لە ئاوارەکان کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە زەمینەسازییە**

سەبارەت بە خۆئامادەکردن و زەمینەسازکردنیش بۆ پێشوازیکردن و نیشتەجێکردنی ئاوارەکان بەم شێوەیە باسی لەو پرۆسەیە کرد: «لە راستیدا پێویستە زەمینەسازی بکەین و بارودۆخەکە ئامادە بکەین، چونکە خزمەتکردنی ئاوارەکان هەر تەنیا بە کردنەوەی کامپەکان نابێت، یەکەم شت دەبێت پرسی پاراستنی ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، زۆر بە جددی لەبەرچاو بگیرێت و دەبێت لێکۆڵینەوە لە ناسنامە و کەسایەتیی ئەو کەسانەش بکرێت کە ئاوارە دەبن- هەروەها پشکنینی تەندروستی بۆ ئاوارەکان بکرێت. لەبەر ئەوە لە ئێستادا بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکان و پارێزگای دهۆك هەوڵ دەدرێت چەند خاڵێك دەستنیشان بکرێت بۆ هاتنەناوەوەی ئاوارەکان. دواتریش کە لە کامپەکاندا جێگیردەکرێن، دەبێت لایەنی ئەمنی پارێزراو بێت و هەروەها دەبێت خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و قوتابخانە و بنکەی تەندروستییان بۆ دەستەبەر بکرێت.»

**• هەوڵەکانی پارێزگای دهۆك جێی ستایشە و بەرز دەنرخێندرێن**

ئەوەی ئاشکرایە هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئەزموونێك کەڵکە بکات لە رووی چۆنیەتی ئیدارەدانی ئاوارەکانەوە، هەر لەم رووەوە قایمقامی شێخان ئاماژەی بەوە کرد کە: «ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای دهۆك بەتایبەتی بۆ ئیدارەدانی ئاوارەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و سەرچاوەی ماددی و پشتیوانی مەعنەوی زۆری دەوێت و ئەمە بارێکی گرانە و گومانیش لەوەدا نییە کە پارێزگاری دهۆك گەورەترین بارگرانی لەسەر شانە لەم رووەوە، بەتایبەتی جەنابی پارێزگار، چونکە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لێشاوی ئاوارەکان روویان لەو پارێزگایە کرد، ئەمە سەرەڕای قەیرانی داراییش. بە سوپاسەوە چەندین جار جەنابی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان هەوڵەکانی ئیدارەی دهۆك و پارێزگاری ئەو شارەیان بەرز نرخاندووە کە بە شێوەیەکی رێکوپێك خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ ئاوارەکان دەستەبەرکردووە. ئەمانەش مایەی شانازییە بۆ دهۆك و بۆ قەزای شیخانیش، ئەو راستییەش دەسەلمێنێت کە هەم خەڵکی پارێزگاکە و هەم ئیدارەی پارێزگاکە هاوکار بوون و دەرگای ماڵەکانیان بۆ کردوونەتەوە و دەرگای شوێنە گشتییەکانیان بۆ کردنەوە. لەبەر ئەوە دڵنیام ئەمجارەشیان هەر بەو شێوە بەرزە هەڵسوکەوت دەکەن بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان. چونکە هەمیشە کورد لە رووی ئەخلاقی و مرۆییەوە هەڵوێستی نواندووە و رێگری لە هاتنی ئاوارە نەکردووە و داڵدەی داون، چ ئاوارەی ناوخۆیی بێت، یان پەناهەندەکانی دەرەوە.

**• حکومەتی عێراقی کەمتەرخەمە و لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا نەبووە**

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئاوارەکان چ بارگرانییەکیان بۆ هەرێمی کوردستان درووستکردووە و ئایا تا چەند حکومەتی عێراق بە هانای ئاوارەکانەوە هاتووە و وەك پێویست لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بووە؟

**جەنابی سەرۆکی هەرێم کە لە یادی کارەساتی شنگال لە دهۆک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت کورد و کوردستان چاوی لە تۆڵەسەندنەوە بێت لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە تیرۆریستانی داعش ئەنجامیان دا یان ئەو نەتەوانەی دیکە کە ستەمیان لە کورد کردووە و کیمیابارانیان کردوون و ئەنفالیان کردووە و دێهاتەکانی کوردیان وێران کرد و سووتاندنیان و هەوڵیانداوە پێشێلکاری بکەن بەرامبەر شەرەف و نامووسی خەڵکانی ئێمە**

**بوونی پێشمەرگە و پشتیوانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ پێشمەرگەکان بوونە هۆی ئەوەی تیرۆریستانی داعش نەتوانن بێنە ئەم ناوچەیەوە**

**کاتێک سەرۆک بارزانی بەڵێنی بە خوشک و برا ئێزیدییەکان دا کە شنگال ئازاد دەکرێتەوە، ئەوا بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر و ئەو شارە ئازاد کرا، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی ئاوەدان نەکراوەتەوە، خەڵکەکەی ناگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە ئێمە تەمەننای ئەوەمان دەکرد حکومەتی عێراق تۆزقاڵێک وەفای هەبووایە بودجەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی تەرخان بکردایە**

قایمقامی قەزای شێخان وتی: «باری سەرشانی حکومەتی هەرێم زۆر زۆر قورس بووە، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتر دەکات لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی باڵای ئاوارەکان و پێویستە دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمەریکا زیاتر هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، ئەم هاریکارییەش ئەرکێکی مرۆییە لەسەر شانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و حکومەتی عێراقیش لە رووی ئەخلاقییەوە ئەرکی ئەوەی دەکەوێتەسەر هاوکاری ئاوارەکان بکات، چونکە ئەوانە خەڵکی باشوور و ناوەڕاستی عێراقن، کەچی بەداخەوە هاوکاری حکومەتی عێراق نەك لە ئاستی پێویستدا نەبووە، بگرە زۆر لاوازیش بووە، چونکە لە کۆی نزیکەی ٢٣ کامپی ئاوارە لە پارێزگای دهۆك حکومەتی عێراق تەنها چەند کامپێکی دروست کردووە، ئەویش تەنیا بە خێوەتگە دروستی کردوون، لە کاتێکدا ئەو کامپانەی حکومەتی هەرێك بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکان بە کابینە دروستکراون و خزمەتگوزاریەکانیش تێیاندا رێکوپێکتر دەستەبەر دەکرێت، وەك پەروەردە و بنکەی تەندروستی و پرۆژەکانی ئاو و کارەبا و تەنانەت قیرتاوکردنی شەقامی کامپەکانیش، بەڵام جێی داخە کە ئەوە زیاتر لە پێنج مانگە تەنیا بۆ یەکجاریش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خۆراك بۆ ئاوارەکان دەستەبەر نەکراوە، کە ئەوە کەمترین و سادەترین هارکارییە کە پێویستە بۆ ئاوارەکان دابین بکرێت. لەبەر ئەوە من دوو جار گلەیی لە حکومەتی عێراق دەکەم، یەکەمیان ئەگەرچی لە رووی ئەمری واقیعەوە کوردستان لە عێراق لێکترازاوە، بەڵام هەروەك بەشێك لە عێراق هەژمار دەکرێت و دواتر ئەو ئاوارانە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هاتوون و ئەوە ئەرکی ئەخلاقی و یاسایی ئەوانە کە خزمەتیان بکەن، بەڵام ئەوەتا دەبینین کە حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان ئەو ئەرکە ئەخلاق و یاسایی و ئینسانییەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان.»

● **هاوکاریی رێکخراوەکان**

دەربارەی ئەوەی کامانەن ئەو رێکخراو لایەنانەی کە هاوکارییان بۆ ئاوارەکان دابینکردووە، سەردار شێخ یەحیا ئەوەی روونکردەوە کە: هیچ مانگێك نەبووە دەزگای خێرخوازی بارزانی چالاکی نەبووبێت بۆ دەستەبەکردنی هاوکارییەکان و بەردەوام خۆراك و کەلوپەلی ناوماڵیان بەسەر ئاوارەکانی سنووری قەزاکەماندا دابەش کردووە، ئەمە جێی دەستخۆشییە. هەروەها زۆرجار دەزگای روانگە چالاکی هەبووە، بە هەمان شێوە کونسوڵی ئیماراتی و مانگی سووری ئیماراتی بەردەوامن لە دابەشکردنی هاوکارییەکانیان. هەروەها سوپاسی مانگی سووری کوێتی و کونسوڵی کوێتیش دەکەین. واتە هاوکارییەکانی رێکخراوە بیانییەکان بەردەوامە، بەڵام هێشتا ئەم هاوکارییانە لە ئاست گەورەیی ژمارەی ئاوارەکاندا نین و ئێمە چاوەڕێی زیاتریان لێدەکەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاوارەکان وەك پێویست خزمەت نەکرێن، ئەوا روودەکەنە وڵاتانی ئەوروپا و بارگرانی و کێشە بۆ ئەو وڵاتانەش دروست دەکەن، وەك ئەوەی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەلجیکا بەدی دەکەین.»

**ئەگەر ئاوارەکان وەک پێویست خزمەت نەکرێن، ئەوا روودەکەنە وڵاتانی ئەوروپا و بارگرانی و کێشە بۆ ئەو وڵاتانەش دروست دەکەن، وەک ئەوەی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەلجیکا بەدی دەکەین**

● **پرسی پاراستنی پێکەوەژیان لە دوای هاتنی ئاوارەکان**

سەبارەت بە پرسی پێکەوەژیان لەم قەزایەدا و چۆنیەتی پاراستنی ئەو پێکەوەژیانە لە دوای هاتنی ئەو ژمارەی زۆرەی ئاوارەکان قایمقامی قەزای شێخان وتی: «ئەگەر لە عێراقدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە پێکەوەژیان بکرێت، ئەوا لە کوردستان و بەتایبەتی پارێزگای دهۆك بە قەزای شێخانیشەوە بە عەمەلی بەدی دەکرێت. من لەم رووەوە سوپاسی خەڵکی شێخان دەکەم لە موسڵمان و ئێزیدی و مەسیحییەوە، بە دڵنیاییەوە مامۆستایانی ئایینی ئەو سێ ئایینە رۆڵێکی باڵایان هەیە، هەروەها ریشسپی و پیاوماقووڵانی ئەو سێ ئایینە رۆڵی سەرەکییان هەیە، هەروەها گەنج و لاو و کچ و کوڕی ئەم دەڤەرەش رۆڵی سەرەکییان هەبووە و تەنانەت خەڵکی دیکەشیان فێری پێکەوەژیان کردووە. بەدڵنیاییەوە لەم رووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رۆڵی هەبووە بەتایبەتی جەنابی سەرۆکی هەرێم کە لە یادی کارەساتی شنگال لە دهۆك جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت کورد و کوردستان چاوی لە تۆڵەسەندنەوە بێت لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە تیرۆریستانی داعش ئەنجامیان دا یان ئەو نەتەوانەی دیکە کە ستەمیان لە کورد کردووە و کیمیابارانیان کردوون و ئەنفالیان کردووە و دێهاتەکانی کوردیان وێران کرد و سووتاندنیان و هەوڵیانداوە پێشێلکاری بکەن بەرامبەر شەرەف و ناموسی خەڵکانی ئێمە، بەتایبەتی ئەوەی لە بەرامبەر خوشکانی ئێمە لە شنگال روویدا، بەڵکو تۆڵەکردنەوە دەبێت بە رزگارکردنی ئەو ناوچانە و ئاوەدانکردنەوەیان بێت، پێویستە ئێمە پارێزەری شەرەف و کەرامەتی خەڵکی دیکە بین و دەبێت رێز لەو کەسانە بگرین کە لەبەر هۆکاری ئەمنی هەڵاتوون و هانایان بۆ کوردستان هێناوە، ئەگەرچی لە رووی نەتەوەییشەوە کورد نەبن و عەرەب بن، دەبێت رێزی زیاتریان لێبگیرێت. کەواتە

سیاسەتی حەکیمانەی حکومەتی هەرێم لە هاندانی پێکەوەژیاندا رۆڵ و کاریگەری هەبووە، هەروەها جێی شانازییە کە خەڵکی کوردستان خۆیشی هەوێنی دروستبوونی ئەو پێکەوەژیانە بووە.

**● ئازادکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان زەمینەی گەڕانەوەی ئاوارەکان فەراهەم دەکات**

خاڵێکی دیکە کە شێخ سەردار شێخ یەحیا زۆر جەختی لەسەر کردەوە، پرسی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادەکراوەکان بوو، بەوەی کە دەبێت ئاوڕی جددی لێ بدرێتەوە و هەرلەو بارەیەوە وتی: «لە راستیدا پێویستە ئەو ناوچانەی ئازاد دەکرێت، ئاوەدان بکرێنەوە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە ئاوارەکانی سنووری ئێمە زۆربەیان لە خوشکان و برایانی ئێزیدین، چونکە ئێستا دەبینین کە شنگال ئازادکراوە، کەچی لە سەدا ٩٩ی ئاوارەکانی ئەو دەڤەرە هێشتا لێرەن و لە کامپەکانن، واتە نەگەڕانەوەیان لەبەر ئەوەیە کە ناوچەکەیان ئاوەدان نەکراوەتەوە. هەروەها دروستکردنەوەی بیناکانیش بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێت، وەك ئاو و کارەبا. ئەمەش پێویستە بە بودجەیەکی گەورە هەیە و لە توانای حکومەتی هەرێم بەدەرە، چونکە ئەوەتا دەبینین کە پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم بەهۆی قەیرانی دارایی و رەوانەنەکردنی بودجەکەی لەلایەن بەغداوە راوەستاون. لەبەر ئەوە ئەرکی حکومەتی عێراقە و دەبێت پەرلەمان بڕیاری تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتی بدات و لە رێی پارێزگای دهۆك و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ناوچەیە ئاوەدان بکاتەوە. هۆکارێکی دیکە کە پێویستە حکومەتی عێراق هاوکارییان بکات، ئەوەیە کە لە رووی ئەخلاقی و یاساییەوە مولزەمن ئەم کارە بکەن، کەچی ئەوان لەگەڵ ئەوەی بوونەتە هۆکاری هاتنی شەپۆلێکی گەورەی ئاوارە لە موسڵ و ئەنبار و دیالە و سەلاحەدینەوە، ئەوا بودجەی ئەم هەرێمەشیان بڕیوە، ئایا بودجە لەسەر بنەمای دانیشتووان دابەش ناکرێت، ئەگەر وایە، ئەوا ئێستا دانیشتووانی دهۆك لە سەدا ١٠٠ زیادی کردووە، کەواتە هەر هیچ نەبووایە دەبوو حکومەتی عێراق بودجەی گەشەپێدانی پارێزگای دهۆکیان رەوانە بکردایە، بەتایبەتی کە لە سەدا ٤٠ بۆ ٤٥ی ئاوارەکانی دهۆك خەڵکی ئەنبار و موسڵ و ناوەڕاست و باشووری عێراقن. با هەر بودجەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو خەڵکانە رەوانە بکەن.»

**● پێویستبوونی پلانێك بۆ دوای ئازادکردنەوەی موسڵ**

هەر سەبارەت بە پێویستی دانانی پلانێك بۆ دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و گرنگی تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ بووژاندنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان، قایمقامی قەزای شێخان بەم شێوەیە پرسەکەیان باسکرد: «ئێستا کە ئامادەکارییەکانی گرتنەوەی موسڵ تەواو بووە و تەنیا ئەوە ماوە کە کاتژمێر سفر دابنرێت- کە ئەویش پێویستی بە رێککەوتنی سەربازی و سیاسی هەیە- ئەوا دەبێت لە ئێستاوە پلان و بودجە دابنرێت، نەك دوای ئەوەی شارەکە ئازاد بکرێت و ئێمە کاتێکی زۆر بکوژین بە گفتوگۆکردن لەسەر پلان و بەرنامەوەوە. چونکە دەبینین کاتێك سەرۆك بارزانی بەڵێنی بە خوشك و برا ئێزیدییەکان دا کە شنگال ئازاد دەکرێتەوە، ئەوا بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر و ئەو شارە ئازاد کرا، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی ئاوەدان نەکراوەتەوە، خەڵکەکەی ناگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە ئێمە تەمەننای ئەوەمان دەکرد حکومەتی عێراق تۆزقاڵێك وەفای هەبووایە و رایبگەیاندایە کە چۆن سەرۆك بارزانی بەڵێنی ئازادکردنی ئەو ناوچەیەی داو و بەڵێنەکەشی بەدیهێنا، ئەوا ئێمەش بەڵێنی دابینکردنی بودجەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارە دەدەین. ئێستاش ناوچەی دیکەی کوردستانی لە دەوروبەری موسڵ و دەشتی نەینەوا ماونەتەوە کە ئازاد بکرێن و کاتێك پشت بە خوا پێشمەرگە ئازادیان دەکاتەوە، دەبێت بیر لە ئاوەدانکردنەوەیان بکرێتەوە.

**● پێشمەرگە رۆڵێکی شەرەفمەندانەی لە پاراستنی ناوچەکەدا هەبووە**

لەبارەی رۆڵی پێشمەرگە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان و دڵنیاکردنەوەی خەڵکەکە، شێخ سەردار بە ستایشەوە رۆڵی پێشمەرگەی هەڵسەنگاند و وتی: «هەر لە سەرەتای دروستبوونی شەڕی داعشەوە، بە سوپاسەوە پێشمەرگە قارەمانەکان بە تایبەتی پێشمەرگەکانی میحوەری ناوەران و باشیك و تلسقۆف کە دەکەوێتە سنووری قەزای شێخان زۆر خۆڕاگرانە شەڕیان کرد و رۆڵێکی باڵایان هەبوو، ئێمە سوپاسی خەڵکی شێخانیش دەکەین کە هەموویان وەك پێشمەرگە هەڵسوکەوتیان کرد بە کچ و ئافرەتی ئەم سنوورەوە کە ئێستا لە میحوەرەکاندا بوونیان هەیە، کە هێزێکی هەیە لە سنووری میحوەری ناوەران کە تێکەڵن لە کچ و کوڕانی شێخان، کەواتە بوونی پێشمەرگە و پشتیوانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ پێشمەرگەکان بوونە هۆی ئەوەی تیرۆریستانی داعش نەتوانن بێنە ئەم ناوچەیەوە.

**ئایا بودجە لەسەر بنەمای دانیشتووان دابەش ناکرێت، ئەگەر وایە، ئەوا ئێستا دانیشتووانی دهۆک لە سەدا ١٠٠ زیادی کردووە، کەواتە هەر هیچ نەبووایە دەبوو حکومەتی عێراق بودجەی گەشەپێدانی پارێزگای دهۆکیان رەوانە بکردایە، بەتایبەتی کە لە سەدا ٤٠ بۆ ٤٥ی ئاوارەکانی دهۆک خەڵکی ئەنبار و موسڵ و ناوەڕاست و باشووری عێراقن**

**پێویستە ئێمە پارێزەری شەرەف و کەرامەتی خەڵکی دیکە بین و دەبێت رێز لەو کەسانە بگرین کە لەبەر هۆکاری ئەمنی هەڵاتوون و هانایان بۆ کوردستان هێناوە**



*** هیچ کاتێك لە پرۆسەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا، وەك ئەمجارە کاندیدەکان بیروبۆچوونیان لە یەکتری جیاواز نەبووە، بەتایبەتی دۆناڵد ترامپ کە بە ئاشکرا دروشمی دژ بە جیهانی بوون و ناتۆی بەرزکردۆتەوە و بانگەشە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیادا دەکات، لەمەش زیاتری بانگەشەی ئەوە دەکات کە ددان بە لکاندنی کریمیا دەنێت بۆ رووسیا، ئایا تا چەند سەرکەوتنی ترامپ دەبێتە سەرەتایەك بۆ کۆتایی ئەو سیستمە نوێیەی جیهان کە دوای رووخانی دیواری بەرلین راگەیەندرا؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە و من هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەوەی کە ئاماژەتان پێکرد، چونکە ئەوە بە درێژایی سەدەیەکە کە کاندیدێکی وەك دۆناڵد ترامپ-مان نەبینیوە. من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەو تێڕوانینێکی تۆکمەی هەبێت بۆ سیستمێکی نوێی جیهانی دیکە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا ئەو –ترامپ- کەسێکە بە بێ زانیاری قسە دەکات و گرنگییەکی زۆریش بە ئاکام و دەرهاویشتەی قسە و لێدوانەکانی نادات. واتە لە بنەڕەتدا زۆرێك لە قسەکانی لێدوانی هەڕەمەکین، لە بری ئەوەی رەنگدانەوەی بوونی فەلسەفەیەکی تۆکمە بن.

*** وەك لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتەکانی ئەمەریکا بینیمان، دیموکراتەکان سەبارەت بە بانگەشەکانی ترامپ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دروشمەکانی ترامپ پێشێلکردنی دەستووری ئەمەریکایە، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی سیناتۆری کۆمارییەکان تووڕەن لە دروشمەکانی ترامپ، ئایا لەسەر چ بنەمایەك کۆمارییەکان ترامپیان بۆ سەرۆکایەتی کاندید کردووە، لە کاتێکدا زۆر لە چاودێران دەڵێن ئەم کەسایەتییە شایستەی ئەوە نییە سەرۆك کۆماری ئەمەریکا بێت؟**

- ئەوەی پێی دەڵێین دامەزراوەی سیاسەتی دەرەکی لە نێو پارتی کۆمارییەکاندا بە رادەیەکی گەورە دروشمەکانی ئەویان رەتکردەوە. هەروەها خودی کاندیدبوونی- ترامپ- خۆی لە خۆیدا مایەی سەرسوڕمانێکی گەورە بوو بەلای زۆر کەسەوە لە ئەمەریکا، بەتایبەتی بە لای زۆرێك لە کەسانی شارەزای سیاسەتی دەرەوە و کەسانی ئەکادیمی — کە من خۆم یەکێکم لەوانە-. هۆکاری بەدەستهێنانی پشتیوانییەکەشی بۆ ئەو نارەزایەتییە بەربڵاوە دەگەڕێتەوە کە لە ئاست نوخبەی

### جۆن مایکڵ کاری پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی ترامپ ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر دەکات

**پرۆفیسۆر جۆن مایکڵ کاری، وانەبێژە لە کۆلیژی دارتماوس، لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان بەدەست هێناوە، توێژەری بواری دەستوور و یاسای هەڵبژاردن و سیاسەتی ئەمەریکای لاتینە. بەم دواییە بایەخێکی تایبەتی داوە بە توێژینەوە لە بواری بنیادنانی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لەسەر کەسایەتی کاندیدەکانی سەرۆکایەی ئەمەریکا، بەتایبەتی کاندیدی کۆمارییەکان دۆناڵد ترامپ و ئەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕوان دەکرێت بێنەئاراوە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم کاندیدەدا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

واشنتۆن و لە نێو هاووڵاتیانی ئەمەریکادا بەدی دەکرێت. چونکە نائومێدییەکی گەورە هەیە لە نێو ئەمەریکادا لە ئاست ئەو سیاسەتمەدارانەی پێیان ئاشنان، ترامپ سوودی لەم دۆخە وەرگرت. بەڵام هەرگیز ترامپ گوزارشتی لە سیاسەتێکی تۆکمە نەکردووە، ئیدی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت، یان سیاسەتی دەرەکی بێت. جار بە جار لێدوانێك دەدات لەبارەی سیاسەتی دەرەکی و لەبارەی ئامادەییەوە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی، یاخود لەبارەی ئەو هاوپەیمانێتییانەی خوازیاری پێکهێنانیانە، یان ئەو هاوپەیمانێتیانەی دەیەوێت هەڵیانبوەشێنێتەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێك، یان چەند هەفتەیەك دێت و لێدوانی پێچەوانە دەداتەوە. لەبەر ئەوە من پێموایە لێدوانەکانی ترامپ شایستەی ئەوە نین کە کات و کۆششی خۆمانی بۆ تەرخان بکەین بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئایا ئەو خوازیارە چی بکات و دەیەوێت چی بکات. ئەوەی ترامپ دەیکات، تەنیا بەرهەڵستی کردنی سیاسییەکانە و جگە لەوە هیچ پلانێکی تۆکمەی نییە. لەبەر ئەوە پێموانیە دۆناڵد ترامپ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە هەڵبژاردنەکاندا و پێشبینی دەکەم دووچاری دۆڕان ببێت.

*** لایەنێکی دیکەی ئەم هەڵمەتانەی هەڵبژاردنی ئەمەریکا مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دیارە ئەگەر کۆمارییەکان بێنە سەر دەسەڵات و ترامپ ببێتە سەرۆك کۆماری ئەمەریکا وەك خۆی ڕایگەیاندووە ڕێککەوتنی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران سەبارەت بە دۆسێی نیوکلیاری هەڵدەوەشێنێتەوە و دژایەتییەکی توندی ئیسلام دەکات و هاوپەیمانییەکی نزیك لەگەڵ ئیسرائیل گرێدەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەردوو جەمسەری ئیسلامی سیاسی توندڕەوی شیعە و سوننە دژی ئەمەریکا دەبن، ئایا ئەمە نابێتەهۆکاری ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ یەك دوو دەیەی دیکەش هەروا ئاڵۆز و ناسەقامگیر بێت؟**

- من ترسێکی گەورە دایگرتووم کە ئەگەر دۆناڵد ترامپ ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەوا ناسەقامگیری نەك تەنیا لە ناوچەکەی ئێوەدا زیاد دەبێت، بەڵکو لە زۆر ناوچەی دیکەی جیهانیش هەڵدەکشێت- ئەگەرچی من باوەڕم وانییە کە سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکاندا و ببێتە سەرۆك-.

*** ئەوەی لە هەڵمەتی پارتی دیموکراتەکان**

**هەندێجار دۆناڵد ترامپ لێدوانگەلێک دەدات کە ئەوەندە بۆنی گۆشەگیری لێدێت، ڕەنگە لە دوای ساڵانی سییەکانەوە لێدوانی لەم چەشنەمان بەدی نەکردبێت**

**شتێکی جێی سەرنج کە لە مانگەکانی داهاتوودا بایەخی پێبدەین بریتییە لەو مانۆڕەی کە کاندیدە کۆمارییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ خۆدوورخستنەوەیان لە دۆناڵد ترامپ**

**تێبینی دەکەین بە تایبەتی کە سەرۆك ئۆباما و جۆزێف بایدن-یش بوونە بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ هیلاری کلینتۆن، پێدەچێت کە مەترسی دۆڕاندنی دیموکراتەکان نزیك بێت و چانسیان لەم هەڵبژاردنە سنووردار بێت، ئایا دۆڕاندنی دیموکراتەکان تا چەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی ئەمەریکا لە سەر دەستی ترامپ گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا بێت؟**

- لە ڕاستیدا پرسی چارەنووسی سیستمی حزبایەتی لە وڵاتی ئێمەدا وەك پرسێکی کراوە دەمێنێتەوە. کاتێك لە بارودۆخەکە دەڕوانین ئەوا دوو سیناریۆ بەدی دەکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە تاوەکو زیاتر لە هەڵبژاردنەکان نزیك ببینەوە — کە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا دەکرێن- ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ترامپ ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لەم کاتەدا ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ترامپدا نین و ناشیانەوێت دەنگ بە هیلاری بدەن، پاڵنەری زیاتریان دەبێت بۆ دەنگدان بۆ کاندیدەکانی کۆماری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران، چونکە پێیانوایە مسۆگەرکردنی زۆرینەی نێو ئەم دوو ئەنجومەنە لەلایەن کۆمارییەکانەوە پارسەنگێك دروست دەکات لەبەرامبەر هیلاری کلینتۆندا کاتێك کە دەبێتە سەرۆك. سیناریۆی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر سەرکردە کۆمارییەکان لە کۆنگرێسدا وەك پاوڵ ڕایان و ....نەتوانن خۆیان لە ترامپ دووربخەنەوە، ئەوا هیلاری کلینتۆن دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر کۆمارییەکان لە کۆنگریسدا. کەواتە شتێکی جێی سەرنج کە لە مانگەکانی داهاتوودا بایەخی پێبدەین بریتییە لەو مانۆڕەی کە کاندیدە کۆمارییەکان ئەنجامی دەدەن بۆ خۆدوورخستنەوەیان لە دۆناڵد ترامپ، خۆ ئەگەر هاتوو سەرکەوتووانە ئەم کارەیان کرد، ئەوا ڕەنگە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا حکومەتێکت هەبێت کە بە دەست دابەشبوونەوە بناڵێنێت، واتە سەرۆك لە دیموکراتەکان بێت و کۆمارییەکانیش زاڵبن بەسەر کۆنگرێسدا، بە چەشنی ئەوەی لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی ڕابردودا بینیمان. بەڵام ئەگەر هاتوو پۆڵ ڕایان و .. ئەمەیان نەکرد، ئەوا هەڵبژاردنەکان ئاڵوگۆڕ دروست دەکەن و ڕێی تێدەچێت دیموکراتەکان بتوانن زۆرینە لە نێو ئەنجومەنی پیراندا مسۆگەر بکەن و بگرە زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەرانیش- ئەگەرچی ئەمەی دواییان زۆر ڕێی تێناچێت-، ئەگەر ئەمە ڕوویدات ئەوا حکومەتێکی یەکگرتوومان دەبێت- ئەو حکومەتە یەکگرتووەی لە دوای ساڵانی سەرەتای سەرۆکایەتی ئۆباماوە بەدیمان نەکردووە.

*** کاتێك ترامپ دەڵێت من واز لە بەجیهانی بوون دەهێنم و بە دوای ئەمەریکانیزم دەگەڕێم و دەمەوێت شکۆ بۆ ئەمەریکا بگەڕێنمەوە، مانای ئەوەیە ئیدی ئەمەریکا خۆی سەرقاڵ و تێکەڵی کێشەکانی جیهان ناکات، ئایا گێڕانەوەی شکۆی ئەمەریکا بە گۆشەگیرکردنی ئەمەریکا دروست دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ڕوون نییە، چونکە هەندێجار دۆناڵد ترامپ لێدوانگەلێك دەدات کە ئەوەندە بۆنی گۆشەگیری لێدێت، ڕەنگە لە دوای ساڵانی سییەکانەوە لێدوانی لەم چەشنەمان بەدی نەکردبێت، بەڵام ڕۆژی دواتر دێت و لێدوانێکی دیکە دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە پتر لە ئۆباما یان کلینتۆن ئامادەیی تێدایە بۆ بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی هێز لە دەرەوەی ئەمەریکا. واتە ڕۆژێك دەڵێت پێویستە ئەمەریکا خۆی لە کاروبارەکانی جیهان دووربخاتەوە و ڕۆژی دواتر ڕادەگەیەنێت پێویستە سبەینێ سوپای ئەمەریکا سووریا داگیر بکات. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئەو فەلسەفەیەکی یەکگرتوو یان تۆکمەی نییە، واتە کارێکی بێهودەیە خۆت خەریك بکەیت بە شیکردنەوەی لێدوانەکانی، چونکە هەر کاتێك کە شتێك دەڵێت، ڕۆژی دواتر دێت و پێچەوانەوەکەی دەڵێتەوە. لەبەر ئەوە من نازانم ئەو چی دەکات. ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە من متمانەیەکی زۆرم هەیە کە ئەو نابێتە سەرۆك.

*** وەك بینیمان ماوەیەك پێش ئێستا بەریتانیا لە ریفراندۆمێکدا بڕیاریدا لە یەکێتی ئەورووپا بێتەدەرەوە، ئێستاش ترامپ داوادەکات ئەمەریکا لە گلۆباڵیزەش بێتەدەرەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ترامپ سەرکەوتوو بێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە دەوڵەتانی ئینگلیزی زمان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا و ئوسترالیا و کەنەدا هاوپەیمانێتیەکی تازەی جیهانی دروست دەکەن؟**

- ئەگەر مەبەستتان لە ناتۆ بێت، ئەوا من پێموایە ئەمەریکا پابەندبوونێکی بەهێزی دەبێت بە هێشتنەوەی ناتۆوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هەندێ لە لێدوانەکانی ترامپ لەبەرچاو بگریت، ئەوا دەبینیت کە ئەوا لێدوانانە بە ڕەنگدانەوەی ئەو مەسەلانە نین کە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمەریکا، یان خەڵکی ئەمەریکا باوەڕیان پێیەتی.

**ترامپ کەسێکە بە بێ زانیاری قسە دەکات و گرنگییەکی زۆریش بە ئاکام و دەرهاویشتەی قسە و لێدوانەکانی نادات. واتە لە بنەڕەتدا زۆرێک لە قسەکانی لێدوانی هەڕەمەکین، لە بری ئەوەی ڕەنگدانەوەی بوونی فەلسەفەیەکی تۆکمە بن**

## سیناتۆر سۆزان کۆلینس:

# ترامپ ئەو توانا و ئیرادەی نییە ڕێز لە میراتی پارتی کۆمارییەکان بگرێت

**هەفتەی ڕابردوو سیناتۆری کۆمارییەکان سۆزان کۆلینس لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی واشنتۆن بڵاوی کردووەتەوە، ڕەخنەی توندی لە ڕۆناڵد ترامپ کاندیدی کۆمارییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا گرت، ئەمەش بەشێکی قسەکانیەتی.**

من دەنگ بە دۆناڵد ترامپ نادەم بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك. ئەمە بڕیارێکی ئاسان نییە بۆ من کە بە درێژایی ژیانم لەگەڵ کۆمارییەکاندا بووم. دۆناڵد ترامپ نە بەها مێژووییەکانی پارتی کۆماری تێدا بەرجەستە دەبێت و نە شێوازێکی حوکمڕانی سەرتاپاگیریش کە ئەمەی دواییان گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ سارێژکردنی ئەو دابەشبوونەی لە وڵاتەکەماندا بوونی هەیە.. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بەڕێز ترامپ شایستەی ئەوە نییە ببێتە سەرۆکمان.

ئەو دەرئەنجامەی پێی گەیشتووم لەبارەی شایستەنەبوونی ترامپ بۆ سەرۆکایەتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو کەسێکە ناتوانێت بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات. لە بری ئەوە گاڵتە بە کەسانی لاواز دەکات و پەرە بە بیروباوەڕە دەمارگیرەکان دەدات لە ڕێی هێرشکردنەسەر کەمینە ئیتنی و ئایینییەکان. سێ ڕووداو بوونە هۆی ئەوەی بگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە ترامپ، خەسڵەتەکانی سەرۆکایەتی تێدا نییە.

یەکەمیان: گاڵتەکردنی بە ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەمەش مایەی تاسان و شۆك بوو کە وەك پێویست تیشکی نەخرایەسەر. من بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ترامپ پۆزش بهێنێتەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ئاشکراش نەبێت، بەڵام ئەو ئەم کارەی نەکرد، لە بری ئەوە نکۆڵی کرد لەوەی کارێکی لەو جۆرەی ئەنجامدابێت.

دووەمیان: پێداگیری بەردەوامی ترامپ لە دادوەر گۆنزێلا کیورێڵ لە بەر ئەوەی بە ڕەگەز مەکسیکییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەبوونی ڕێزە نەك تەنیا لە ئاست دادوەرەکەدا، بەڵکو لە ئاست بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان — کە بناغەی شێوە حکومەتەکەی ئێمەیە-و لە دەستووردا چەسپێندراوە. جارێکی دیکە بە بێهوودە چاوەڕێی ئەوەم کرد کە ترامپ لێدوانەکانی خۆی بکێشێتەوە.

سێیەمیان: بریتی بوو لە ڕەخنەکانی ترامپ لە دایك و باوکی هیومان خان کە کاپتنی سوپای ئەمریکا بوو، لە عێراقدا کوژرا. ئەوەی ناچێتە عەقڵەوە ئەوەیە کە کەسێك، چ جای ئەوەی کاندیدی سەرۆکایەتی بێت، هێرش بکاتە سەر باوانی سەربازێکی کوژراو. واتە لە بری ئەوەی ڕێز لە قوربانییەکانیان بگرێت و ددان بە ئێش و ئازارەکانیاندا بنێت، بە سووکی سەرنجی دایە ئایینی خانەوادەی پاڵەوانێکی ئەمەریکی. جارێکی دیکە سەلماندی کە ناتوانێت پۆزش بهێنێتەوە و ڕایبگەیەنێت کە هەڵە بووە.



لە هەمان کاتدا، من درك بەوە دەکەم کە سەرکەوتنی ترامپ ئاماژەیە بە ناڕەزایەتییەکی قووڵ لەم وڵاتەدا، بەتایبەتی لە نێو ئەو کەسانەدا کە هەست دەکەن پەراوێز خراون، بە هۆی ئابوورییەکی ناهاوسەنگ و ئەو کەسانەی دەپرسن ئایا منداڵەکانیان ژیانێکی باشتر بەسەر دەبەن لە ژیانی باوانەکانیان.

هەندێ کەس دەڵێن من وەك کەسێکی کۆماری ئەرکی ئەوەم لەسەرشانە کە پشتیوانی کاندیدی پارتەکەم بکەم. من زۆر بە وردی و بە دوور و درێژی بیرم لەمە کردۆتەوە، کۆماری بوون بەشێکە لە کەسایەتیی من. من ڕێز لە مێژووی پارتەکەم دەگرم، بەتایبەتی کاتێك بەها بۆ شایستەیی و کەرامەتی تاکەکەسەکان دادەنێت، من لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا کار دەکەم بۆ پاڵێوراوەکانی پارتی کۆماری، بەڵام بێتوانایی و بێئیرادەیی ترامپ بۆ ڕێزگرتن لە میراتی ئەم پارتە وام لێدەکات، نەتوانم پشتیوانی لە کاندیدبوونەکەی بکەم.

# ئاگاداری شەڕی نرخی نەوت و غاز بن!!

## دابەزینی نرخی نەوت و غاز جیهانی بۆ گەشبین و ڕەشبین دابەشکردووە



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

نزیکەی دوو ساڵە لەنێو شارەزایانی جیۆلۆجی و شرۆڤەکارانی سیاسی و ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مشتومڕێك هاتۆتەئاراوە دەربارەی پێناسە و ناسینی (نهێنیی ڕاستەقینە)ی ئەو دابەزینە خێراو لەناکاوەی بەرمیلێکی نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە بۆ کەمتر لە٤٠ دۆلار، هەروەها دابەزینی نرخی غازی سرووشتی لە ٤ دۆلارەوە بۆ هەر یەك مەتر سێجا بۆ کەمتر لە ٢ دۆلار، لە ماوەی کەمتر لە ٧ مانگ نرخی نەوت و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا بە ڕێژەی ٥٥٪ دابەزیوە، ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەسەر سوودمەندو زەرەرمەندی دەوڵەتانی جیهاندا هەبوو. ئەم پرۆسەی یاریکردنە بە نرخی نەوت و غاز بەم شێوەی سەرسوڕهێنەرە بە (شەڕی نرخی نەوت و غاز) دەناسرێت، بۆیە ئەم دابەزینە و تایبەتمەندییانە دەوڵەتانی جیهانی کردە ٣ گرووپی سەرەکی (هەناردەکار، بەرهەمهێن، بەکاربەر) نموونەی ئەو دەوڵەتانەی کە بە سەر ئەو ٣ گرووپەدا دابەشبوون ئەمانەن:

١. دەوڵەتانی بەرهەمهێن و هەناردەکار، بەڵام (دڵنیا) لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکە (شەڕی نرخی نەوت- دابەزینی نرخی نەوت) وەکو عەرەبستانی




سعودیە و ئیماراتی عەرەبی، ئەو دوو دەوڵەتەش ئەندامی دیاری ڕێکخراوی (ئۆپێك)ـن، بە هۆی ئەو یەدەگە زۆرەی لە نەوتدا هەیانە، هەروەها فرە سەرچاوەی دیکەی وەك پیشەسازی و گەشتوگوزارو بازرگانی و گواستنەوە و. تاد)، ئەو دەوڵەتانە نرخی نەوت بۆ دژایەتیکردنی ڕکابەرەکانیان بەکاردێنن لە حەوزی کەنداو لەوانەش ئێران.

٢. دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت و غاز( نیگەران) لەم بارودۆخە، وەکو ئێران، چونکە پێیوایە دابەزینی نرخی نەوت و غاز لەم قۆناغەدا پیلانە دژی ئابووریی وڵاتەکەی، هەروەها هەڕەشە و فشاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە بۆ سەر جومگەکانی ئاراستەی سیاسی و ئابووری و سەربازی و بازرگانی ئایدیۆلۆجیی ئێران لە ناوچەکەو جیهاندا، ئەمە سەبارەت بە لیبیا و عێراقیش هەر وایە، ئەوانە لە قۆناغی گواستنەوەدان و زۆر پێویستیان بە سەرچاوەی دارایی هەیە لە داهاتی نەوت.

٣. دەوڵەتانی بەرهەمهێن و بەکاربەری نەوت و غاز کە سوودمەندن و داهاتی داراییان بەرەو باشی دەبەن، لەوانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین و ژاپۆن وهیندستان و تورکیا و ئوردن و هەندێ دەوڵەتی یەکێتیی ئەوروپا.

هەموو ئەو سێ گرووپانە بە دەست نیگەرانی و دڵەڕاوکێوە دەناڵێنن، بەهۆی بێتوانایی کۆنترۆڵکردنی کاتی بەردەوامبوونی دابەزینی نرخی نەوت و غاز بە کاریگەریی فاکتەرە سرووشتییەکان، وەك: زریان و زەمینلەرزەو گەردەلوولی خۆڵاوی و کەشو هەوا، هاوکات فاکتەری مرۆیی (حکومەت و کۆمپانیا) کە دەست بەسەر نرخەکانی نەوتدا دەگرن و ئەمەش کاردانەوەی دەبێت بۆ سەر داهاتەکانی وزە و سەرچاوەکانی و ڕێگاکانی گەیاندنی بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەمە مانای وایە کە نرخی نەوت و غاز تا ئێستا یەکێکە لە ئامانجە ئابووری و سەربازییەکان و بنەمای سەرەکییە لە نەخشەدانانی سنووری سیاسی و ئابووری لە سایەی سیستەمی تازەی جیهاندا، بەتایبەتیش دوای بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوت و غازی بەردین لە ئەمریکا، هاوکات پێویستیی زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت و غاز لە جیهاندا بە سەرچاوەی دارایی، کە ئەمەش نیگەرانیی دێنێتە بەردەم نەخشەکێشانەوەی جوگرافیای سیاسیی وزە لە دەوڵەتانی جیهاندا، لەوانەش دەوڵەتانی حەوزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە

نەوت دەوڵەمەندەو پڕیەتی لە ناکۆکی کە لەگەڵ سیستەمی تازەی جیهانیدا یەکناگریێتەوەو زوو یان درەنگ دەبێتە هۆی دابەشبوونی هەندێ دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی دەوڵەتی تازە، کە رۆڵی بەرچاویان دەبێت لە سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا.

## ● کێن ئەوانەی کۆنترۆڵی بازاڕی نەوت و غاز دەکەن لە جیهاندا؟

کاتێ باس لە دابەزین یان بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەکرێت، دەزگاکانی راگەیاندنی حکوومی و ئەهلی جەخت دەکەنەوە لەسەر هۆکارو فاکتەرەکانی ئەو دیاردەیە لە بازاڕەکانی ناوخۆدا، بێ ئەوەی بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو توێژە شاردراوانەی لە پشتەوەی ئەم دیاردەوەن.

حەوت توێژ، یان گرووپی هەمەجۆر کۆنترۆڵی بازاڕەکانی نەوت و غاز دەکەن لە رێگای (هەردوو بازاڕی جیهانیی نەوت لە لەندەن و نیویۆرك) دواتر ئەوانە کۆنترۆڵی نرخەکان دەکەن لە هەموو جیهاندا.

١- بەرهەمهێنەران ٢- کڕیاران ٣- بازرگانان ٤- بریکاران ٥- سندووقەکانی پارەدارکردن و گۆڕینەوە ٦- سەندووقەکانی هەرەوەزی ٧- وەبەرهێنەران.

زۆربەی ئەو حەوت توێژانە تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکان دەقۆزنەوە، وەك (رێژەی گۆگرد و رەنگ و پێکهاتەکان لە نەوتی خاودا) بۆیە نەوت بە سووك و ناوەند و قورس پۆلێن دەکرێت، نەوتی سووك رێژەیەکی کەمی گۆگردی تێدایە بەبەراود لەگەڵ نەوتی قورس، لەبەر ئەوە نەوتی سووك نرخی گرانترەو ئاسانترە لە کاری پاڵاوتندا، بە بەراورد لەگەڵ نەوتی قورس، هەروەها کەمتر ژینگەو تەندروستیی پیس دەکات، بۆیە داخوازیی زیاتری لەسەرە.

نەوتی خاوی برێنتی ئەورووپی لە بەناوبانگترین نەوتی خاو و گرانترینیانە و دوای ئەویش خاوی سووکی ئەمریکی و خاوی ئۆپیك دێن، نەوتی خاو بە پێی گرێبەستی دواخراو یان راستەوخۆ لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشرێت. کاریگەری و دەستتێوەردان و ململانێی رۆڵی هەر حەوت کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان لەسەر سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و پیشەسازیی نەوت و بەبازاڕکردن و بازرگانی پێکردنی، هەموو ئاماژەن بۆ رۆڵ و دەسەڵاتی ئەو کۆمپانیایانە لە کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی ئەو دەوڵەتانەی کە گەورە کۆمپانیاکانی نەوتیان تێدایە.

ئەو حەوت توێژە یاریی بە نرخی نەوت دەکەن و گەورە دەوڵەتانی بەکاربەری نەوتیشیان لەپشتەوەیە، وەك(ئەمریکاو چین و ژاپۆن و ناوچەی یۆرۆ). دواتر کۆنترۆڵکردنی سوودە داراییە باڵاکان دێت لەسەر حیسابی زیانی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت کە لەئێستادا نەوت دەدەنە بازاڕەکانی جیهان بە رێژەی ٩٣ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بۆ نموونە، ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت یەك دۆلار دابەزێت، ئەوا ئەو کۆمپانیایانە رۆژنە ٩٣ ملیۆن دۆلار قازانج بەدەست دێنن، ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە بۆ ٥٠ دۆلار دابەزێت، واتا بە نزیکەی ٥,٥ ملیار دۆلار لە رۆژێکدا لەسەر حیسابی زیانی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت، بارگرانییە زۆرەکەش دەکەوێتە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە بڕێکی زۆری نەوت هەناردە دەکەن، وەکو (رووسیا، سعودیە، عێراق، کوێت، ئێران، فەنزویلا).

## ● ئەو فاکتەرانەی کە کۆنترۆڵی نرخی نەوت دەکەن

١. مامەڵەکردن لەنێوان خواست و خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئەمەش دیارترین توخمی ئابوورییە کە کۆنترۆڵی نرخی نەوت دەکات، جیهان رۆژانە پێویستی بە ٩٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەیە، ئەمەش( خواست)ە، هەر کاتێکیش رۆژانە زیاتر لە ٩٣ ملیۆن بەرمیل لە بازاڕدا هەبوون وەك بۆ نموونە ٩٦ ملیۆن بەرمیل، ئەوا هاوسەنگییەکە تێکدەچێت لە بەرژەوەندیی خواست، کە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی نەوتی خاوو بە پێچەوانەوە.

( شۆڕشی نەوتی بەردین لە ئەمریکا و بەردەوام لاوازبوونی هەڵوێستی رێکخراوی ئۆپێك و دەوڵەتانی هەناردەکار لە دەرەوەی ئەم رێکخراوە و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی هەرناردەکاردا) بووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لە بەرژەوەندیی خواستی (بەکاربەران- دەوڵەتانی مەزنی پیشەسازی) وەك: ئەمریکا، ناوچەی یۆرۆ، ژاپۆن، چین، هیندستان).

٢. هێزی خەرجیی دراوی ئەمەریکی(دۆلار) لەبەرامبەر دراوەکانی دەوڵەتان وەك یۆرۆ، لە کاتێکدا کە نرخی نەوتی خاو هەر بە دۆلاری ئەمریکییە، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار کاریگەریی نەرێنی هەیە بۆ سەر نرخی نەوت.

٣- کاریگەریی چالاکیی ئابووری لە بازاڕەکانی جیهاندا، وەك لاوازیی گەشە لە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا- ناوچەی یۆرۆ، هەروەها سستیی گەشەی ئابووری لە چین و بەرازیل کاریگەریی لە دابەزینی خێرای نرخی نەوتدا هەبوو.

**لە ماوەی کەمتر لە ٧ مانگ نرخی نەوت و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا بە رێژەی ٥٥٪ دابەزیوە، ئەمەش کاریگەری و رەنگدانەوەی بەسەر سوودمەندو زەرەرمەندی دەوڵەتانی جیهاندا هەبوو**

**کاتێ باس لە دابەزین یان بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەکرێت، دەزگاکانی راگەیاندنی حکوومی و ئەهلی جەخت دەکەنەوە لەسەر هۆکارو فاکتەرەکانی ئەو دیاردەیە لە بازاڕەکانی ناوخۆدا، بێ ئەوەی بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو توێژە شاردراوانەی لە پشتەوەی ئەم دیاردەوەن**




٤- سیاسەتی حکومەتەکان و ئاڵۆزییەکانی جیۆسیاسی لە جیهاندا لە نرخی نەوت و غازدا، دابەزینی نرخی نەوت و غاز کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ سەر ئابووریی رووسیا و ئێران، هەروەها بۆ سەر پشتیوانیکردنی ئێران لە رژێمی ئەسەد لە سوریادا، وێڕای گۆڕینی سیاسەتی ئەو دوو وڵاتە لەهەمبەر رۆژئاوادا وەك ئەمریکاو گۆڕینی بەرنامەی رووسیا لە ئاست سووریاو ئۆکرانیا، هەروەها رووداوە گەرمەکان لە هەندێ دەوڵەتنی جیهان( سوریا، لیبیا،یەمەن،عێراق) و دەستگرتنی داعش بەسەر هەندێ ناوچەی نەوتی لەم دەوڵەتانە، هۆکارێك بوو کە کاریگەریی هەبوو لە هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوت لەنێوان٤٠ بۆ ٦٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام نرخی نەوتی نەگەیاندە ئاستی پێویست(٦٠-٨٠) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

٥- سیاسەتی پاڵپشتی حکومەت لە دەوڵەتانی بەکاربەرو کاریگەریی بۆ سەر نرخی سووتەمەنی و قەبارەی باج کە دەخرێتە سەر نرخی سووتەمەنی، وێڕای فاکتەرگەلی دیکەی وەك ژینگەو تەندروستی و ئاشتی.

٦- سیاسەتی حکومەتەکانی حەوزی کەنداو کە بودجەکانی زۆربەی ئەو دەوڵەتانە پشت بە هەناردەی نەوتی خاو(نرخی نەوت) دەبەستێت، هەروەها بە تایبەتمەندییەکانی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانە، بۆ نموونە بودجەی سعودیە و ئیماراتی عەرەبی لەسەر نرخی ٩٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك گونجاوە، بەڵام بودجەی کوێت و قەتەربە نرخی ٥٤ دۆلار و بودجەی عێراقیش بە ٨٣ دۆلار گونجاوە، سەرباری تایبەتمەندییەکانی هەر دەوڵەتێك لە رووی قەبارەی یەدەگی نەوت و توانای بەرهەمهێنان و یەدەگی دارایی و گەشەی ئابووری و دانیشتوان، ئەم جیاوازییە لە نرخی گونجاو لە هەر دەوڵەتێکدا، بووە هۆی لاوازبوونی رۆڵی رێکخراوی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت( ئۆپێك و ئەوانەیشی کە ئەندام نین لەو رێکخراوەدا) لە کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت.

٧- کەشوهەوا، مەبەست دیاردە سرووشتییەکان (زریان، زەمینلەرزە، گڕکان، گەردەلوولی لماوی و خۆڵاوی) لەپاڵ فاکتەرە مرۆییەکان (حکومەت

**نەوتی خاوی برێنتی ئەوروپی لە بەناوبانگترین نەوتی خاو و گرانترینیانە و دوای ئەویش خاوی سووکی ئەمریکی و خاوی ئۆپیک دێن، نەوتی خاو بە پێی گرێبەستی دواخراو، یان راستەوخۆ لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشرێت**

و کۆمپانییەکان) مەبەست پیسبوونی ژینگەو سەرچاوەکانی ژیان (خۆڵ و هەواو ئاو)، بەتایبەتیش دوای بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بەردین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەڕەشەیە بۆ سەر ژینگەو تەندروستی و نیگەرانیی کۆمپانیاکان لە زەحمەتیی بەردەوامبوون و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمی نەوت و غازی بەردین، لە سایەی بەردەوامبوون یان هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوت لەنێوان ٤٠-٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، لە کاتێکدا کە تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیلێك نەوت لەسەر کۆمپانیاکان لەنێوان ٦٠-٧٠ دۆلارە لە نەوتی بەردین.

٨- پاوانکردنی ناوچەکانی سەرچاوە نەوتی و غازییەکان و بەرهەمهێنانیان و پیشەسازیی نەوت و کیمیایی و ئەزموون و گواستنەوەو درێژەپێدانیان لە بازاڕەکانی جیهان لەلایەن هەر حەوت کۆمپانیا نەوتییەکانەوە.

٩- کێبڕکێی نێوان دەوڵەتانی بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوت لەسەر بازاڕەکانی نەوتی جیهان ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو بۆ سەر دابەزینی نرخی نەوت، بۆ نموونە ململانێی نێوان سعودیەو ئێران لەسەر بازاڕەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە سعودیە بەم دواییە ڕایگەیاند کە نەوتی خاو دەفرۆشێتە دەوڵەتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لەوانەش هیندستان بە هێنانەخوارەوەی نرخی فرۆشی نەوتی سعودیە بە بڕی ١٢٥دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لەچاو نرخی ڕۆژانەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

١٠- پووکانەوەی بەکاربردنی ڕۆژانەی جیهانی بەهۆی قەیران و ململانێیەکان کە لە ئاسیاو بەلکان و ئەفریقیا ڕوودەدەن، ئەمەش وا دەکات کە بە زەحمەتی پێشبینی وادەو کاتی گەشەکردنەوەی بەکاربردنی بەروبوومە نەوتییەکان بکرێت، لەپێناو بووژاندنەوەی نرخی نەوت و غاز لە بازاڕەکانی جیهاندا.

کێ لە دابەزینی نرخی نەوت سوودمەند یان زەرەرمەندە؟

أ- سوودمەندان بریتین لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، زۆنی یۆرۆ، چین، ژاپۆن، هیندستان، مەغریب، ئوردن، تورکیا، تاد).

ب- زەرەرمەندان بریتین لە (ڕووسیا، سعودیە، ئێران، عێراق، فەنزویلا، جەزائیر، لیبیا، کوێت، دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت و غاز لە حەوزی قەزوین و تاد).

**● کاریگەریی دابەزینی نرخی نەوت بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان**

١- عێراق و هەرێمی کوردستان پشت بە پتر لە ٩٣٪ ی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبەستن، هەروەها بە ٧٠٪ی بەرهەمی ناوخۆ، بۆیە دابەزینی نرخی نەوت کاری کردە سەر کەمبوونەوەی یەدەگی بیانیی عێراق لە ٧٧ ملیار دۆلارەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٦٧ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٥ و لە کۆتایی ئەم ساڵیشدا دەگاتە کەمتر لە ٦٠ ملیار دۆلار.

٢- چەسپاندنی بودجەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵی زەحمەت بووە بەهۆی هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوت، بەتایبەتیش دابەزینی خێرای نرخی نەوت کە بووە هۆی ئەوەی عێراق زیاتر لە ٥٥٪ی بودجەکەی لەدەستبدات، ئەمەش کاریگەریی هەبوو بۆ سەر ئەوەی کە عێراق پشت بە یەدەگی بانکی ناوەندی ببەستێت و دواتر بە نەرێنی بەسەر بودجەی دەوڵەتدا دەشکێتەوە، ئەمەش کاریگەریی زیاتری دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە شایستەکانی بودجەی هەرێم نەدراون، سەرباری پێنەدانی پشکی هەرێم لەو پارەیەی کە لە بانکی ناوەندیی عێراقەوە رادەکێشرێت.

٣- خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و غاز و بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە زۆربەی کایەو جومگەکانی دەوڵەتدا کە قەیرانەکە لەو بارودۆخەدا زیاتر ئاڵۆزدەکات، ئەگەر هاتوو وادەی دابەزینی نەوت بۆ ساڵێك زیاتر درێژەبکێشێت، واتا تا ساڵی ٢٠١٦، ئەمە وێڕای شەڕی تیرۆر کە لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دەستی بەسەر ٤٠٪ی خاکی عێراقدا گرت، ئەگەر هەوڵ و قوربانیی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی پاراستنی هەرێم و پۆلیس و هێزی میللی و پشتیوانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی نەبووایە، ئەوا زۆربەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی ماددەی ١٤٠ دەکەوتنە دەست تیرۆریستان، ئەمە وێڕای زیانی دارایی کە گەیشتە زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار، لە ئەنجامی تەنیا ئەو زیانانەی بە کێڵگەکانی نەوت و غاز گەیشتن کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی داعش لە پارێزگاکانی ( دیالە و تکریت و کەرکووك و موسڵ.

**● دووبارەبوونەوەی هەڵەکان لە کەرتی نەوتدا**

شارەزایانی جیۆلۆجی ئاماژە بەوەدەکەن کە دەبێ ئەوەی لە سەردەمی ڕژێمی لەناوچوو ڕوویدا دووبارەنەبێتەوە، ئەویش دروشمی ( هەموو شتێك

**شۆڕشی نەوتی بەردین لە ئەمریکا و بەردەوام لاوازبوونی هەڵوێستی ڕێکخراوی ئۆپێک و دەوڵەتانی هەناردەکار لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە بووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی لە بەرژەوەندیی خواستی بەکاربەران- دەوڵەتانی مەزنی پیشەسازی**

**دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەستبکەن بە هەڵسەنگاندنی واقعی دارایی و ئابووری لەمیانی هەوڵدان بە ڕێکخستنەوەیان و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکە**

لەپێناو جەنگدایە)، لەوانەش نەوت بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی کتوپڕو خێرا لە کێڵگەکانی کەرکووك کە بووە هۆی کورتبوونی تەمەنی سرووشتیی بەرهەمهێنان لەو کێڵگانەدا کە تێچوویان کەمە بە بەراورد لەگەڵ تێچووی بەرهەمی لاوەکی( کە تێچووی زۆرەو کاری دەوێت و ڕێژەی پیسبوونیشی زیاترە)، ئێمەش تا ئێستاش باجی ئەو هەڵەیە دەدەین، دووبارەبوونەوەی ئەو هەڵەیە لەئێستادا لەمیانی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم بە ئامانجی دابینکردنی داهاتی دارایی لەسایەی دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی بەهەدەردانی داهاتی نەوت و کورتکردنەوەی تەمەنی سرووشتیی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز لە کێڵگەکانی عێراق و کوردستان، بەڵکو پێویستە پشت بە پرەنسیبی دادپەروەری ببسترێت لە دابەشکردنی نەوت وەك بنەمایەك لە هەموو قۆناخ و قەیرانەکان، لەوانەش قەیرانی ئێستا.

## ● لایەنە چاکەکانی دابەزینی نرخی نەوت

دابەزینی نرخی نەوت بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەستبکەن بە هەڵسەنگاندنی واقعی دارایی و ئابووری لەمیانی هەوڵدان بە ڕێکخستنەوەیان و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکە لە ڕێی بایەخدان بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزارو خزمەتگوزاری و دامەزراندن و ڕێکخستنی دامەزراوە دەستوورییەکان کە وردەکاریی داهاتەکانیان ڕێکدەخرێن و وردبوونەوەیان بۆ دەکرێت و بۆ میللەت روون دەکرێتەوە. ئەم هەنگاوە هاوکاردەبێت بۆ دانانی سنوورێك بۆ گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە و بۆشاییش کەم دەکاتەوە کە لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت و ڕەنگدانەوەی لە جومگەکانی ژیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتۆتەدی، هاوکات متمانەش لەنێوان حکومەت و گەل دەگێڕێتەوە.

ئێمە لە دەوڵەتی عێراق و لە هەرێمی کوردستان ئەو هەموو شتانەمان هەیە( زێڕی سپی- خوێ و پیشەسازیی خۆماڵی!! دەوڵەتی زێڕی شین — ئاوی ژێرزەوی کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەفیڕۆ دەچێت!!! دەوڵەتی زێڕی سەوز- کشتوکاڵ، دەوڵەتی ئەو زێڕەی لەبن نایە — گەشتوگوزاری!! و دەوڵەتی زێڕی ڕەش- نەوت!!!) ئەو هەموو جۆرە زێڕانە نەمانتوانیوە سوودیان لێوەربگرین بۆ فرەجۆرکردنی داهاتی ئەم وڵاتە و دابینکردنی هەلی کار!! بەڵکو ملیۆنان دۆلاری داهات بۆ دەرەوە دەچێت بە کڕینی ئەو شتانەی کە خۆمان هەمانە، ئەمە سەرەڕای توانای زانستیی مرۆیی کە حکومەتەکانی بیانی زیاتر لە حکومەتەکانی ئێمە لێی سوودمەندبوونە، ئێستا کاتی هاتووە پلان و بەرنامەگەلی هەڵگەڕانەوەی هاوکێشە دابنرێت لە بەرژەوەندیی دەوڵەت و هاووڵاتیان ئەویش بە سوودوەرگرتن لەو داهاتانە کە بە هۆیانەوە دەتوانین ڕووبەڕووی قەیرانەکان ببینەوە لەوانەش کە لەکۆنترۆڵی ئێمەدا دەرچووە کە بریتییە لە شەڕی نرخی نەوت بە کەمترین زیان.

هەروەها ئەو هەلە گونجاوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت لەوانەش عێراق و هەرێمی کوردستان لەو تەمبەڵی و بێکارییە بارگرانەی سەرشانی حکومەت ڕزگاری بێت و ببێتە مرۆڤێکی خوێندەوارو بەرهەمهێن، هەروەك چۆن بوو بەر لە دۆزینەوەی نەوت، ئەو مرۆڤە دەتوانێت لە پەرەپێدان و پتەوکردنی بنەماکانی دەوڵەت بەشداریی بکات.

## ● سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی مێژوو

ئەزموونەکانی دەوڵەتانی جیهان ئاماژە بەوە دەکەن کە لێکەوتەکانی شکستی ئابووری گەورەترو قووڵترن لە شکستی سەربازی، کە لەوانەیە لە ناوچەیەکی سەربازیی بە تەنیا ڕوودات نەك هەموو دەوڵەت بگرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر شکستی ئابووری ڕوویدا ئەوا حکومەت و دەوڵەت هەرەس دەهێنن، بۆیە پێویستە وریا بین و ئاگاداریی مەترسی و لێکەوتەکانی دابەزینی نرخی نەوت بین بۆ سەر ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە ڕوودەدات لە شەڕی نرخی نەوت لە جیهان، لەدەرەوەی ویستی عێراق و هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە بە تەواویی هەیکەلی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لە میانی ڕێکخستنەوەو فرەجۆرکردنی داهاتەکان، ئەوا دەکرێ ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشەی ئێستا ببنەوەو بە کەمترین زیان لەو قەیرانە ڕزگاریان ببێت و بارگرانیی ئەم قەیرانەش لەسەر شانی هاووڵاتیان سووك بکات، هاوکات سوود لە دەرفەتی گونجاوی ئێستا و داهاتوو وەربگرێت بۆ خزمەتکردنی گەل و بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکیمان لە بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان.

---

* ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

ئەزموونەکانی دەوڵەتانی جیهان ئاماژە بەوە دەکەن کە لێکەوتەکانی شکستی ئابووری گەورەترو قووڵترن لە شکستی سەربازی، کە لەوانەیە لە ناوچەیەکی سەربازی بە تەنیا ڕووبدات، نەک هەموو دەوڵەت بگرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر شکستی ئابووری ڕوویدا، ئەوا حکومەت و دەوڵەت هەرەس دەهێنن

ئێمە لە دەوڵەتی عێراق و لە هەرێمی کوردستان ئەو هەموو شتانەمان هەیە (زێڕی سپی- خوێ و پیشەسازیی خۆماڵی!! دەوڵەتی زێڕی شین — ئاوی ژێرزەوی !!! دەوڵەتی زێڕی سەوز- کشتوکاڵ، دەوڵەتی ئەو زێڕەی لەبن نایە — گەشتوگوزاری!! و دەوڵەتی زێڕی ڕەش- نەوت!!!)